YADNAMA

# یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٣٦ی ئایار ٢٠٢٢ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.36,May 2022

## شەڕی گەنم و لێکەوتەکانی

یەکێک لە پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانی مرۆڤ گەنمە ، کە دەتوانین لە ڕوی ئابوریەوە هاوشانی نەوت و ئاو وەک سێ پێداویستی سەرەکی ئابوری و ژیانی مرۆڤ دابنرێ ، شەڕی گەنم یان بەکارهێنانی گەنم وەک چەک و کارت یەکێکە لە هەرە هەڕەشە مەترسیدارەکانی سەر ژیانی مرۆڤ ، لە ئێستادا دوو لەو وڵاتانەی کە بەرهەمهێنی گەنمن لە جەنگدان و ڕوسیا دەیەوێت گەنم وەک کارتی گوشار بەکار بهێنێ و ئۆکراین تەواو وێران بوە ، هند کە یەکێکە لە گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنان و هەناردەی گەنم بە فەرمی ڕایگەیاند کە ئەم ساڵ گەنم هەناردەی دەرەوە ناکات ، جەنگی گەنم کە بە جەنگی نەوتی نوێ ناوزەند دەکرێت بە هۆی بەردەوامی جەنگ و وشکەساڵیەوە هەڕەشە لە ئاسایشی خۆراکی جیهانی دەکات.

بە پێی پێشبینیەکان گەنم لە ٧٧٤ ملیۆن تەن دادەبەزێت بۆ ٢٦٧ ملیۆن تەن ، ئەمەش ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ برسێتی و گرانی بە تایبەت بۆ وڵاتە هەژارەکان ، کە ئێستا نرخی هەر تەنێک گەنم گەیشتوەتە ٤٥٣ دۆلار ، لە ئێستادا نرخی بەرهەمەکانی گەنم و جۆ لە ٤٠% زیادی کردوە ، کەواتە جیهان بە گشتی لەبەردەم شەڕێکی قورسی گەورەدایە ئەویش شەڕی کەمبونەوەی بەرهەمهێنانی گەنمە.

یادنامە




لە ڕۆژی ٢٩ی ٥ی ١٩٨٦ کۆمەڵێ لە هاورێ تێکۆشەرەکانم لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە نزیک سۆتکەو سورگە (لەناوتاقی شێرکوژ)بە دەستێکی ڕەشی خائینانە شەهید کران

١-شەهید هێمن سەراوی جێگری تیپ
٢-شەهید وەستا مەجید فەرماندەی کەرت
٣-شەهید حسین جنوبی جێگری کەرت
٤-شەهید هونەر ڕابەر سیاسی
٥-شەهید فازلی باجە فەرماندەی مەفرەزە
٦-شەهید تاریق ناسراو بەتابان
٧-شەهید ڕزگار قلیاسانی
٨-شەهید کەمال مەرگەیی
ڕۆحیان شادو یادیان بەخێر

سەرکەوتی جیهاز





کۆچی دوایی ڕەوانشاد شێخ لەتیفی حەفید ... ل٢
بێستون عەبدولقادر ... ل٣
بەسەرهاتی کەڵەشێرەکەی ماوەت ... ل٥
عەبدوڵلا کەریم مەحمود ... ل٧
شر البلیة مایضحك بەڵاکە لەوەدایە پێشبکەنی ... ل١٠
ئاوازی گلەیی ... ل١١
شۆڕش و شۆڕشی پێچەوانە ... ل١٢
هەسارەی زەوی بەبێ مرۆڤ چی لێ دێت ... ل١٥
تورکیا فراوانترین ئۆپەراسیۆن لەدژی ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدەدات ... ل١٦
بۆ یادی ١-٦ چەپکە گوڵی ڕێزو وەفا بۆ سەر گڵکۆی شەهیدان ... ل١٨
چوار هۆکار و دوو سیناریۆ ... ل١٩
جگەرەی لوتفی (سكائر لطفی ) ... ل٢٠

# کۆچی دوایی ڕەوانشاد شێخ لەتیفی حەفید

لەڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا ١٢/٥/١٩٧٢ شێخ لەتیفی شێخ محمودی حەفید لەنەخۆشخانەی ڕاهیبات لەشاری بەغداد لەتەمەنی ٥٥ساڵیدا دڵەگەورەکەی لەلێدان کەوت و گەڕایەوە بەر دلۆڤانی خودای میهرەبان شێخ لەتیفی بوێرو سەرکردە پاش بەسەربردنی تەمەنێکی پڕ لە ئازارو ئەشکەنجەو ماندووبوون لەزینداندا و لەدەربەدەری و لەخزمەتی دۆزی ڕەوایی گەلی کوردستاندا لەڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا بەسەربڵندی ماڵئاوایی لەگەلەکەی کرد ، بەداخەوە وەک پێویست مێژوو نوسان ، سیاسیەکان ، سەرکردەکان ، لەبیرەوەریەکانیان ، لە نوسین و پەڕاوی پەڕتووکە مێژوویەکاندا ، یاخود لەئەدەبیاتی پارتە سیاسیەکاندا کەمتر ئاوڕیان لە خەبات و تێکۆشانی ئەم خەباتگێڕە جوامێرو بەئەمەکەی کوردستان داوەتەوە ئەمەش پرسیارێکە گومان بەدوای خۆیدا درووست دەکات !

شێخ لەتیف ئەو سەرکردە لێهاتوو ئاشتیخوازە بوو ، پاڵپشتبوو بۆ سەرکردەکانی کوردو هاوکاری دەکردن و لەتەنگانەدا وەک باوک دەیپاراستن ئومێد بوو بۆ پەناهێندە سیاسیەکان کەلەلێقەوماندا پەنایان دەبرد بۆ سایەو سێبەرو بارەگاکەی تابەئارامی لەژێر چەتری کوردایەتی ئەودا بحەسێنەوە،ئەم تێکۆشەرە مەزنە یەکێک لەسیفاتە بەرزەکانی لێبوردەبوو ،سادە دەژیا بیرتیژوو سیاسیەکی بلیمەت بوو پشت ڕووداوەکانی دەخوێندەوە ودەرکی بەپیلانگێڕیەکان دەکرد پێش ڕوودانی ، تێڕوانین و بۆچوونەکانی جیاوازبوو هەوڵی زۆریدا ڕیزەکانی کورد لەو ڕۆژگارەدا یەکگرتووبێت و لێکترازان ڕوونەدا ، شێخ لەتیف لەبواری ئەدەب و شیعردا دەستێکی باڵای هەبوو دیوانێکی شیعری بەناوی گوڵی وەریو ، چیرۆکێکی شیعری بەناوی گیاکەڵەی کۆمەڵایەتی جگە لەیاداشتەکانی لەبارەی شۆڕشەکانی شێخ محمودی نەمر لەدوایی خۆی بەجێهێشت یادت بەخێر ڕێبازی کوردایەتیت بەردەوامە تا هیواو ئامانجەکانی کورد بەکاروانی سەرفیرازی دەگات.

**وەرگیراوە**




# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کلاوڕۆژنەی نیشتیمان

تاجێک بەسەری دارەبەنە نازادارە تاقانەکەی سەرقەڵاتی چوارتاوە ،هەناسەیەک پڕ لە پڕوشەو ،پڕوشەیەک هەمیشە یاخی و ،لەسەر هەموو کوچەیەکی شارو ،هەنگاوێکی ماندو نەبوو خۆی ڕێگا بوو دەستی لەدەستی هەموو سرتەیەکی شاردا بوو ،مانگاشەوی ئەبردە بەربەیان و لەگەڵ کازێوە ئەی ئاخنینە تاریکیەوە ، زمانی ئەستێرەکانی ئەزانی ئەو ڕیزی دەکردن ئەیکردنە ملوانکەی ملی شار لەسەر ڕێگاکان ئەیکردن بەسەمای ئەو ئاوازانەی کە پڕ بوون لەسەدای ئازادی ، بەگەردنی هەموو تنۆکە عارەقێکی گەردنی شاخەوە سرتەیەکی فێنک بوو ،ئەو مینەکەی ڕەنجدەران و دەست و بازووی هەڵمەت و هەڵوێست و کۆڵنەدان بوو .

نەمر کاکە حەمەمین محەمەد /حەمەمینی خەیاتە بەرزە/ مینە چوارتایی ساڵی ١٩٥٢ لەشارۆچکەی چوارتا لەخێزانێکی دیندارو نیشتیمانی و کوردپەروەر لەدایک بووە ،لەهەمان شار خوێندنی سەرەتایی خوێندووە لەخێزانێکی هەژار پەروەردە بووە بۆیە هەر زوو وازی لەخوێندن هێناوەو دەستی کردووە بەخەیاتی لای باوکی هەمیشە دەستی ڕەنج و کارو تێکۆشان بووە .

کاکە مینە هەردوای ئاشبەتاڵەکەی بزووتنەوە چەکداریەکەی ئەیلول لەساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێی دا ، بونەتە یەکەم شانەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستان /کۆمەڵەی مارکس و لینینی/ و زۆر ئەکتیڤ بوون و وەکو پێشمەرگەی ناوشار چەندین کاری گەورەو بچوکی ناو شاریان ئەنجام داوە هەربۆیە زۆر درێژەی نەکێشا لەساڵی ١٩٧٩ئاشکرا بوون و ڕووی کردە شاخ و خەباتی شارو شاخی لێکداو بووە تەواوکەری کاروانە درێژەکەی خەبات و دوایی دەورەیەکی کادێران لەشاخ دەبێتە کادر و ڕابەری سیاسی لەکەرتی یەکی هەرێمی سێ ،پیاوێک بووە لەوورەو تێکۆشان ،هەڵوستی مەردانەی هەمیشە دیارو ئازایانە بووە لەماوەی پێشمەرگایەتی دا جێ دەستی دیار بووە هەم بۆ کاری پێشمەرگانەو سەربازی هەم بۆ کاری ڕێکخستن و ناو شار بەشداری شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتیمانی کردووە لە بانەو مەریوان و هەموو چالاکیەکانی سنوری کەرتی یەک و لەسنورەکانی شارباژێرو ئالان و سیوەیل چالاک بووە ،بەداخەوە لە بەرواری ١٩٨١/٠٦/٢٤ لە گوندی وەرازی شارباژێر سنوری چوارتا دەچێتە کاروانە پڕ ڕێبوارەکەی نەمران ، چەند دەستێکی پیس و گڵاو لە شەوێک دا بەنادیارو پەنهان گەشمردەیان کرد هەزار یادت پیرۆز بێت یادت بەخێر پیاوە جوانەکەی نیشتیمان /ڕزگارەسوور



# بێستون عەبدولقادر
## ئەزموونی ڕەنگێکی سلێمانی
### بەختیار سەعید

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوویی شاری سلێمانی و ئەو شێوەکارانەی کە هەموو پێکەوە توانیان چەندین پیشانگەی تایبەت و هاوبەش لەناو شاری سلێمانی بکەنەوەو هۆڵەکانی شاریان پڕ کردبوو لەتابلۆو بە نیگارەکانیان کێبڕکێی عیراقیان دەکرد و لەهەمانکاتدا بەشداریکردنی شێوەکارەکان لە شانۆکانی شاردا هێندەی تر ئاوێتەبوونێك درووست ببوو کە ئەستەم بوو هونەرەکان لێك جیا بکەیتەوە.

بێستون عەبدولقادر) یەکێکە لەو شێوەکارانەی کە هاوشانی ئەوانی تر ( لە بەشێکی زۆری ئەو پیشانگەیانەی کە لەشاری سلێمانیدا کاریان دەکرد بەشداری دەکرد، هونەرمەند جگە لەوەی بە نیگارەکانی بەردەوام بوونی هەبووە، دواتریش وەکو زۆرێك لە هاوڕێ هونەرمەندەکانی شار بەشداری شۆڕشی کوردستان دەکات و پاشان وەکو هونەرمەندێکیش بەشداری شانۆییەکانی (دایکە ئازاکە- بوکی خوێناوی) دەکات، ئەوە ئەو ئاماژەیەیە کە هونەرمەند تەنها هونەرمەندێك نەبووە کاری هونەری خۆی بکات و بەدوور بێت لە ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی، هەربۆیە لەدوای لەسێدارەدانی براکەی بەناوی (فەرەیدون) بەڕێز مام جەلال هونەرمەند دەنێرێتە دەرەوەی کوردستان و تا دواجار لە سوید دەمێنێتەوە.

هونەرمەند لەدوای گەشیتنی بە وڵاتی سوید زۆر چالاکانە بەشداری پیشانگەکان دەکات چ لەگەڵ شێوەکارە کوردەکان یاخود هاوبەشەکان لەگەڵ شێوەکارە سویدییەکان، هەندێکجاریش لە ئەڵمانیاو ئیتاڵیا بەشداری پیشانگەکانی کردووەو زۆرێك لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سوید هەواڵ و ڕاپۆرتیان لەسەر پیشانگەو چالاکییەکانی هونەرمەند بڵاوکردۆتەوە.


یەکێك لەو خاڵانەی کە لەلای هونەرمەند جێی بایەخ بووە کردنەوەی پیشانگە بووە لەناو نەخۆشخانەکان تاکو لەرووی دەروونییەوە بۆ نەخۆشەکانی جێی ئارامی و گرنگی پێدانی بووە، هەربۆیە ئەو ئەزموونەی لەجارێك زیاتر ئەنتجامداوە، هەرچەندە شێوازی کارەکانی بەردەوام پڕ بوون لە ڕەنگ کە هیوا بەخشییەکی تێدا بووە، هەر لەکارە سروشتییەکانییەوە بیگرە تا دەگاتە کارە واقیعی تەعبیریی کە هەر لەسەرەتاوە بەو شێوازە کارەکانی بنیادنابوو، کە شێوازێك بوو لەکۆتایی حەفتاکانەوە تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو زۆرێك لە شێوەکارەکانی سەرتاسەری عیراق سەرسام بوون بەو ستایلی کارکردنە، هەربۆیە لەدوای چوونە دەرەوەی کوردستانیش ئەو ستایلە لە زۆرێك لە کارەکانی ئەو قۆناغەیدا هەست پێدەکرێت وەکو ستایلێکی بەردەوامی کارەکانی.

)عەتا قەزاز)ی شێوەکار کە یەکێك بووە لە هاوڕێ نزیکەکانی هونەرمەندی کۆچکردوو (بێستون عەبدولقادر)و سەبارەت بە ژیانی هونەری دەڵێت (بۆ چەند جارێك پێکەوە پیشانگەی هاوبەشیمان لە زۆرێك لە هۆڵەکانی شاری سلێمانی کردۆتەوە لەوانە هۆڵی هۆتێل سەلام، هۆڵی قوتابخانەی گۆیژەی کچان، هەروەها پێکەوە پێشمەرگە بووین لەگەڵ سمکۆ تۆفیق و ئاسۆ سدیق و کامیل مستەفا و مامۆستا عەلی جۆلاو ئەنوەر قەرەداغی، نوری ئیسماعیل، لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، خالید سەرکار، ئەلبێرت عیسا بەهەموومان گروپی هونەریمان درووست کردبوو

بیۆگرافیای بیستون عەبدولقادر

لەشاری سلێمانی لەدایکبووە 12/7/1947 -.

-قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری سلیمانی تەواوکردووە



لە چاپخانەی زانکۆی سلیمانی فەرمانبەر بووە -.

بەشداری پیشانگەی هاوبەشی شێوەکارانی سلێمانی 1969 - کردووە.

لەشاری بەغداد بەشداری پیشانگەی هاوبەشی 1971- شێوەکارانی کوردی کردووە.

پیشانگەی هاوبەشی شێوەکارانی سلێمانی 1972-.

بەشداری فیستیڤاڵی هونەری کوردی کردووە 1973 -.

لەگەڵ حەوت شێوەکاری تردا لە حاجی ئۆمەران 1973 - پیشانگەیەکی هاوبەشیان کردۆتەوە.

بەشداری پیشانگەی هاوبەشی کردووە لەسلێمانی 1979 -.

بەشداری لە ڕۆژی جیهانی شانۆدا کردووە لەشاری 1980 - بەغدا.

بەشداری دوو یشانگەی هاوبەشدا کردووە 1982 -.

بەشداریکردنی لە پیشانگەی تایبەت لە ئیتاڵیاو ئەڵمانیاو - سوید.

پیشانگەی تایبەتی لە ئۆپسالاوا 1987-.

پیشانگەی تایبەتی لە کولتوروم- کاترینهولم 1988 -.

لە Etnografiska پیشانگەی تایبەت لە مۆزەخانەی 1990 - ستۆکهۆڵم.

پیشانگەی تاییبەت لە نەخۆشخانەی جافیسکا- 1991 - سوندسفال.

پیشانگەی تایبەتی لە نەخۆشخانەی- سوندسفال 1993 -.

پیشانگەی تایبەتی ئۆپسالا گودسندا 1998 -.


پیشانگەی هاوبەش لەگەڵ چوار شێوەکاری سودی لە 2004- کاترینهولم.

لە ولاتی سوید بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی ٢٩/٧/٢٠٠٨ - دوایی ئەکات هەر لە سوید و لە شاری کاترینەهۆڵم بە خاک ئەسپێردرێت.













# بەسەرهاتی کەڵەشێرەکەی ماوەت

ڕەئوف محەممەد ئالانی

ئاسەواری دێرینی ماوەت کەوتۆتە بەشی باشوری ئێستای قەزای ماوەتو بە ماوەتە کۆن ناسراوە، سەردەمانێك ئەوێ، ناوەندی سەرەکی نیشتەجێبوونی خەڵکی ماوەت بووو سیمای دیاری شارستانی ناوچەی شارباژێڕ بوە، بەڵام بەهۆی ڕووداوێکی مێژووییەوە کە تائێستا نەوە دوای نەوە وەك چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەگێڕدرێتەوە، بە ئێجگارەکی لەگەڵ زەویدا تەخت دەبێتو دواتر لە نزیکە ئاسەوارەکەیدا ماوەتی نوێ دروستدەکرێتەوە.

دەگێڕنەوە لەساڵەکانی (1260 بۆ 1275)زایینی، مەغۆلەکان پاش هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو داگیرکردنی وڵاتانی ( کازاخستان و ئۆزبەکستانو تورکمانستانو ئێران وعێراق)، دەگەنە ناوچەی شارباژێڕو کاولکارییەکی زۆر لەناوچەکەدا ئەنجامدەدەن، ئەم پرۆسەیە لەدوای سەدەی سیانزەی کۆچی لەمەنگۆلیاوە دەست پێدەکات، لەساڵی ( 1253)زاییندا شاری بەغدا داگیرئەکەنو کۆتایی بەخەلافەتی عەباسی دێنن. لەدوای ئەم داگیرکارییەشەوە بۆماوەی زیاتر لە(45)ساڵ دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی کۆتایی دێت.

مەغۆلەکان هێرشیانکردۆتەسەر هەرگوندو شارێك کە مزگەوتو پەرستگا ئایینییەکانی تێدابووبێت، دانیشتوانی ماوەتە کۆنیش لە پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام بوونو مزگەوت لە گوندەکەدا هەبووە، بۆیە ڕووبەڕووی هەمان هێرشی مەغۆلەکان بووەتەوە.

لەسەرووبەندی ئەم هێرشە کاولکارییەدا، چیرۆکێکی ئەفسانەیی سەرنجڕاکێش باسدەکرێت کەڕۆڵی گەورەی هەبووە لە پاراستنی گیانو ماڵی دانیشتوانی گوندەکە، ئەو چیرۆکە بە کەڵەشێرەکەی ماوەت ناسراوە.

دەگێڕنەوە، ئەو ئێوارەیەی مەغۆلەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر گوندەکە، تەواوی کەڵەشێرەکانی ماوەت دەست بە خوێندن ئەکەنو هەڵدێن بەرەو بەرزاییەکانی پشتی ماوەت.

پیرەپیاوانی ماوەتیش، ئەم کاردانەوەیەی کەڵەشێرەکان بە شتێکی نامۆ لە قەڵەم دەدەنو دەڵێن ئەم خوێندنە ناوەختە ئاماژەی ڕوودانی ئشوبو مەینەتییە.

ئەو ڕۆژە سوپایەکی نەناسراو لەدەشتی خوار ماوەتە کۆنو ماوەتی ئێستا بارەگای خستوە ،ڕیشسپییانو کەسانی جێگەی باوەڕ لەماوەت، نوێنەر ئەنێرن تا ئەم سوپایە بناسنو نیازو مەرامیان لەمانەوە لەوشوێنە بزانن. دوای وەرگرتنەوەی وەڵام لەسوپا نەناسراوەکە کە گوایە ڕێبوارنو هیچ مەبەستێکی خراپیان نیە، ئەوانیش دڵنیایی وەرئەگرنەوە، بەڵام هەندێك لە دانیشتوانی گوند خوێندنی کەڵەشێرەکان لەو کاتە ناوەختەدا بەهەند وەرئەگرن، هەربۆیە لەهێرشی ئەم سوپایە بۆسەر ماوەتە کۆن بەرگریەکی باش ئەکەن کە تیایدا میر هەمزەو زۆرێك لەجەنگاوەرانی شەهید ئەبن کەئەو کات میری ماوەت بووە، لە دوای ئەم ڕووداوەوە کەڵەشێر دەبێتە سمبولو هێمای گوندی ماوەتو پیرۆزییەکی بێوێنەی پێدەبەخشن، بەجۆرێك سەربڕینی کەڵەشێر نەوە دوای نەوە حەرام دەکەن .

خوێندنی کەڵەشێر، لەزۆر شوێنی دنیاو لەکوردەواریشدا لەکاتی ئێوارانداو بەناوەخت دانراوە، واتە ئەوکاتە کاتی خوێندنی کەڵەشێر نیە، لەزۆر شوێن کە ئێواران خوێندبێتی کەڵەشێرەکەیان سەربڕیوە بۆیەوەی هەر خۆی بکەنە قوربانی ئەو قەزاو قەدەرەی ڕوو لەو شوێنە دەکات، یان وایان هەست کردوە ڕووداوێکی خراپ ڕوودەدات، هەربۆیە ئامادەکاری کراوە بۆ ئەو کاتانەی کەڵەشێر لە ناوەختدا بخوێنێت. چونکە کەڵەشێر یان بەیانیان ئەخوێنێت کە هێمای هاتنی ڕۆژێکی نوێیە و زۆر جاریش لەنیوە شەوە ئەخوێنێت یان لە نیوەڕۆدا ئەخوێنێت کە ئەو کاتانە کاتی خوێندنی ئاسایی کەڵەشێرە.

کارەساتی ماوەتە کۆنو کەڵەشێرەکەی گەواهیدەری ئەم باسەی کەڵەشێری ناوەخت ئەسەلمێنن.

هاوکات کەڵەشێر بەیەکێك لەوپەلەوەرە ماڵیانە ئەژمار دەکرێت کە هەواڵی پێشوەخت دەگەیێنێتە خەڵکی، ئەمە تایبەتمەندی کەڵەشێرە وەك ئەزموون لەلای مرۆڤ تاقیکراوەتەوە .



لە بەشێکی دیکەی گەلانی دنیادا، هاوشێوەی ماوەت، بە هۆکاری جیاواز کەڵەشێر هێماو ڕەمزەو پیرۆزکراوە، دیارترینیان وڵاتی فەرەنسایە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە تەواوی سێکتەرە جیاوازەکانی ژیاندا هێماو وێنەی کەڵەشێر ئامادەیی هەیە، وەك سمبولی نەتەوەیی وێنای دەکرێت. حەقیقەتی پیرۆزبوونی کەڵەشێر لەلای فەرەنسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێش زایین، لە یەکێك لە چیرۆکە کۆنەکاندا هاتووە کە کەڵەشێر سمبولی ئایینی وڵاتی گال بووە لە سەردەمی حکومڕانی ڕۆمەکاندا، گال پێشی دەوترێت وڵاتی باکوری خۆرئاوای ئەوروپاو سنوری ئێستای فەرەنساو بەلجیکای لەخۆ گرتبوو، وێنەی کەڵەشێر لە هەندێك کاری پەیکەرسازیو چیرۆکی دێرینی ئەو وڵاتەدا بەدیدەکرێت کە پاشتر ئەم نەریتە بۆ فەرەنسییەکانیش ماوەتەوە.

کەڵەشێر لەلای فەرەنسییەکان وەك هێمای بەرگریو سەرکەوتنو نەبەزین وێناکراوە، لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا بەتایبەت لەو ساتانەی کەنیسەکانی کاسۆلیکی باڵادەست بوون، کەڵەشێر وەك هێمایەکی دینی مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو بەستراوەتەوە بەگەڕانەوەی مەسیح، لەگەڵ پاشەکشەی کەنیسەکانیشدا هێمای کەڵەشێریش پاشەکشەی کرد لەناو فەرەنسییەکاندا، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا، وێنەی کەڵەشێر بەبەهێزی گەڕایەوەو وەك هێمای گەشەسەندنو ڕاپەڕین لە زانستی نوێی فەرەنسادا جێگەی خۆی کردەوە. دواتر کەڵەشێر بە ناسنامەی فەرەنسییەکانەوە بەسترایەوەو وەك هێمایەکی نا فەرمی ناسێنرا، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆیەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستیشدا وێنەی کەڵەشێر خرایە سەر دراوی ئاڵتونی فەرەنسیو لە چاپدرا، لە ساڵی 1908 دا لەلایەن یەکێتی فەرەنساوە وەك هێمای وڵاتەکە ناسێنرا هەتاکو ئێستا.

وێنەی کەڵەشێر بەشێوەیەکی بەرفراوان خۆی خزاندۆتە ڕۆشنبیری وەرزشی فەرەنسییەوەو لە یارییەکانی (ئۆڵمپی، ڕەگبی، تۆپی پێ)دا بەئاشکرا بەدیدەکرێت، لەسەر دریسی وەرزشی هەڵبژاردەکانی فەرەنسادا وێنەی کەڵەشێر هەیە وەك هێمای بەرگریو کێبڕکێو خۆبەدەستەوەنەدان، ئەم نەریتە بەشێوەیەکە، هەڵبژاردەی تۆپی پێی فەرەنسا بە هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکان ناسراوە.





ئەم چیرۆکەی کەڵەشێرەکەی ماوەت ئەگەر لەهەر وڵاتێك یان لەهەر شوێنێکی تر ڕووی بدایە، بێ دوودڵی دەکرایە بابەتێکی گرنگی فەرهەنگیو مێژوویی‌و هونەری‌و کاری زۆر باشی لەسەر دەکرا، بەڵام مایەی داخ‌و غەمە کە وەك پێویست، ئاوڕ لەم چیرۆکە نەدراوەتەوە .

وەك هەندێك کەسی شارەزای ناو قەزای ماوەت ئاماژەیان بۆکرد،پاراستنی گوندی ماوەت لەلایەن میرهەمزە کە ئەوکات کەسی یەکەمی گوندەکە بووە، بە پلانێکی سەبازی باش داڕێژراوەو جەنگاوەرەکانی بەسەر 3 قۆڵی سەرەکیدا دابەشکردووە بەم شێوەیە:

قۆڵی میر هەمزە

ئەم قۆڵە سەربازگە بووەو میر هەمزەو چەند سەد سەربازێك لەوشوێنە بوون‌و چاودێری هەرجموجۆڵێکیان کردووەو ئامادەی پارێزگاری بوون لەماوەتە کۆن، ئەم قۆڵە ئەکەوێتە خۆرئاوای ماوەتە کۆن بە یەك کیلۆمەتر.

قۆڵەسپان

لەوشەی( قۆڵی ئەسپان)ەوە هاتوە بە (500) مەتر ئەکەوێتە باکوری ماوەتە کۆن، ئەم جێگەیە بۆ ڕاهێنانی ئەسپ سواری‌و ڕمبازی‌و شیربازی بەکارهاتوە بۆ ئەوگەنجانەی ئەبنە سەرباز لەسوپاکەی میر هەمزە .

قۆڵی مازوو

ئەم قۆڵە نزیکترین جێگەی ماوەتە کۆنەو گۆڕستانی گوندەکە لێبووە، ئەم شوێنە (200بۆ300)مەتر ئەکەوێتە خۆرهەڵاتی ماوەتەکۆن، ناونانی ئەم قۆڵە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە درەختە سروشتیەکانی هەمووی دارمازوو بووە.

قۆڵی گندۆر

قۆڵی چوارەمی پلانە سەربازییەکە بووەو ئەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی ماوەتە کۆن بەدووری یەك کیلۆمەتر، دیارە وشەی گندۆر بەمانای کاڵەك دێت، پێ ئەچێت شوێنی کشتوکاڵی ماوەتەکۆن بووبێت بۆیە ئەم ناوەی وەرگرتووە، تائێستاش شوێنی کشتوکاڵ کردنە.

لەئێستادا ئەوەی لەناوچەکەدا ماوە تەنها ماوەتی نوێیەو نەوەکانی دانیشتوانی ماوەتە کۆن لێرە نیشتەجێن، ئێمە پێمان باشبوو لەنزیکەوە ڕیش سپی‌و خەڵکانی بە ئەزمون‌و شارەزا لەو ڕووداوە مێژوویە بدوێنین‌و ئەو ڕاستیەمان بۆدەرکەوت، کە ئەم چیرۆکە دەماودەم بۆ نەوە دوای نەوەکانی میر هەمزە ماوەتەوەو خەڵکی ئەم ناوچەیە شانازی بەمێژووەکەیانەوە دەکەن، ئەوان نەوەی جەنگاوەران‌و پارێزەرانی ماوەتە کۆنن کە نزیکەی 8 سەدە بەر لەئێستا بەرگرییەکی بێوێنەیان لە گوندەکە کرد، ئەمان بە شانازییەوە لەو مێژووە دەدوێن‌و دەڵێن، ئەو ڕووداوە جۆرێکی پاکتاوی نەژادی بووە کە بەرامبەر بە کوردانی دانیشتوانی گوندەکە کراوە هاوشێوەی ڕووداوەکانی ئەنفال‌و کیمیاباران

.

لەدوای ڕووداوەکە، بەشێك لەدانیشتوانی گوندەکە ناگەڕێنەوە بۆ ماوەتە کۆن‌و لەشوێنی تر نیشتەجێ ئەبن. نمونەی ئەوشوێنانەش گەرەکی ئابلاخی سلێمانی‌و گوندی ماوەتان لەناوچەی مێرگەسور.

لەجەنگی کەڵەشێری ماوەتدا کە بەسەرکەوتنی خەڵکەکەی کۆتایی هات ، واباس دەکرێت خەڵکی ماوەتەکۆن دەست کەوتی زۆریان دەبێت لە چەك‌و ووڵاغ، لە هەمانکاتدا چەند ئافرەتێك لە دوژمنان بەجێ دەمێنن، دواتر بەپێی نەریتی ئایینی‌و کۆمەڵایەتی ئەوکاتەی ماوەت، لەخەڵکی خۆیان مارەیان دەکەن، لەئێستادا ئەو خێزانانە بە بەرەی بنەجوو ناودەبرێن .

ئەم ڕووداوە مێژووییە، نەریتی سەرنەبرین‌و پیرۆزی کەڵەشێر بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە بۆ ماوەی 7 سەدە دانیشتوانی ماوەت پەیڕەییان لێکردوە، نەریتەکەش تەنها سەرنەبرینی کەڵەشێر بوو، نەك نەخواردنی، چونکە لەکاتی میوانداریدا ئەگەر خەڵکی ماوەت گۆشتی کەڵەشێرییان بۆ دابنرایە، دەیانخوارد، ئەم نەریتە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەناو ماوەتییەکاندا باوبوو تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو.

**ئەم بابەتە لەکتێبی(گەشتە مێژووییەکان)ی ڕەئوف محەمەد ئالانی، وەرگیراوە**

# عەبدوڵلا کەریم مەحمود: بۆ یادی کاک شازاد سائیب

شازاد سائیب، ئەو دبپلۆماتە خاوەن هەڵویستە باڵا یەی، هەموو تەمەنی رەنج و ماندوو بوون بوو، تا دواهەناسەی، کەس نەیدەزانی، کورد سەرکردەیەکی ئاوا خاکی، ئاوا شکۆمەند و مەزنی هەیە.

شازادەکەی نیشتمان .. ئاوا نابێت

ئەوە چەند ساڵێکە، دەنگ و رەنگی شازاد سائیب، هەناسە و رۆحە بەفر ئاساییەکەی، زەردەخەنە پر لە بەرائەتەکەی نابیستریێت و ونە. دڵی ئەو پر بوو لە نەخشەی عەشقی نیشتیمانێکی سوتماک. پربوو، لە تراژیدیای رەشەبای ژەهرو ئەنفالی خاکێکی سوتماک کراو. ئەو دبپلۆماتێکی ون، سەرکردەیەکی خاوەن ئەزمونی خاکی، دوور بوو لە پلەو پایە، لە پێگەی دەسەڵاتی سەرکردە نەرجسییەکان.

رۆحی شازاد گەواڵە هەوری ئاسمانی خاکێک بوو، پر بوو لە پەڵەی عەشقی رۆژنامەوانی. لە قوتابخانەی ژین -ی جەمیل سائیب، بۆنی خاک و خۆڵی وشە و ئەلف و بێی رۆژنامەوانی، لەو رێچکەیەوە بوو بە سەر نووسەری گۆڤاری رزگاری. لە شەستەکانا پۆلێ گەنجی خاوەن قەڵەمی بە هەڵوێست سەریان هەڵدا، وەک کاکە شازاد سائیب و نەوشیروان مستەفا ئەمین و مەحمودی مەلا عیزەت و شەهید ئارام و روشدی عەلی شەریف و فازیلی مەلا مەحمود و فواد قەرەداغی و بەکر حسین.

شازاد لە گەڵ چەند روناکبیرێکی تر، لە ناوەراستی حەفتاکانا، لە حیلمی عەلی شەریف - ـەوە لە ساحەی ئەندەلوس لە بەغداد، لە وانەی خولی تیوری مارکسی زیاتر قاڵ بوون.

شازاد بە سۆزێکی رۆمانسیانەوە، بە کەمانەکەی بە دەنگ و ئاوازێکی سیحری دەروێشانەوە، گۆرانی بۆ عەشقێکی بێ سنوور، بۆ خاک دەچڕی:

کەدەڵێن: ئیمرۆ دەشت و کێو شینە
چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە

لە سەرەتای کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستاندا، شازاد رۆلی دیاری هەبوو. وەک پارێزەرێک، بەرەوشتی باڵای پیشەکەی، سەنگ و قورسایی زیاتری دابوو، بە بەهای دادوەری، لە دەستوور و یاسا و رێسا، لە پەیرەوی پارێزگاریی لە مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و هاوڵاتی، هیچ کەیسێکی وەرنەدەگرت گەر لە هەموو وردەکارییەکانی راستی و نهێنی روداوەکە نەگەیشتایە، سڵی لە هیچ رووبەرووبونەوەیەک نەدەکردەوە، تەنیا باڵای سەروەری یاسا دەویست. قسە لە روو بوو، ناخ و دەروون و سەرزمانی، یەک ئاراستەو یەک رێڕەو ی سەنگین بوو، پر بوو لە قورسایی بەهای شکۆمەندی مرۆڤ.

لە ساڵی 1969 _ 1970 سەر نوسەری رزگاری بوو. رزگاری بە بەرهەمە بە پێزەکانی و رەخنە زانستییەکانی. ببووە مایەی تێرومانی خوێنەران. هەژانێکی لەبواری رۆژنامەوانی دا دروست کرد. خوێنەری رووبەرووی تێڕامانی قوڵ و پرسیار دەکردەوە. ئەو کەسێتی یەکی خاکی بوو، وەک کرێکارێک لەو چاپخانەیەدا کارەکانی هەڵدەسوڕاند.

کاکە شارۆڵی جوامێرانەی هەبوو، لە کۆمیتەی هەڵمەت، لەو رۆژە دژوارانەدا زنجیرە رێکخستنە بچراوەکانی کۆمەڵە، لە گەڵ هاورێکانی دابە یەکەوە زنجیرە دابڕاوەکانی کۆمەڵەیەیان، گرێ دەدایەوە.

ئوتۆمۆبیلەکەی و ماڵەکەی و نوسینگەکەی و خانەوادە بەرێزەکەی، لە خزمەتی ریکخستنی کۆمەڵەدا بوو. ئەو رۆڵی مێژووی هەبوو لە گەیاندنی پەیامی سەرکردایەتی لەدەرەوەی وڵات، بۆ سەرکردایەتی وڵات، بە پێچەوانەشەوە. لەساڵی 1979 ڕووی کردوەتە شاخ، لە بارەگاکەی دا وەک پێشمەرگە خەفەریات و ئێشکی گرتووە. لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی و جیهانی عەرەبیی دا، شازاد لە سوریا و لوبنان رۆلی دیاری هەبوو، دەیان کەسایەتی و لێپرسراوی جیهانی عەرەبی بینیوە. دبپلۆماتیکی خاوەن ئەزمونی بەتوانا و خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزو لیهاتوو بوو.

شازاد بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی لە شاخەوە، روی کردۆتە دەرەوەی وڵا ت، لەوێ کارەکانی شۆڕشی هەلسوڕاندووە، دەنگ و رەنگی تراژیدیای ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و جینۆسایدی کوردی بە دنیای دەرەوە و میدیاکان گەیاند.



نەوشیروان مستەفا و شازاد سائیب

دوای ژەهربارانی هەڵەبجە یەکەم کاروانی دەرمان و کەرەسەی پزیشکی لە ئەوروپاوە گەیاندوەتە ئیران بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکانی هەڵەبجە. چەندان رۆژنامەنوس و کامیرامانی ولاتانی ئەوروپای ناردوە بۆ ناو هەڵەبجە بۆ ئەوەی لە چاوی کامیرای فۆتۆو ڤیدۆی ئەوانەوە رەشەبای ژەهری هەڵەبجە، وەک تاوانی جینۆساید بگات بە ئەوروپا و جیهان.

لە 21 / 5 / 2001 لە رێگای نیوان تاسلوجە - دوکان لە روداوێکی چاوەڕوان نەکراودا لە تراژیدیایەک دا دوا هەناسەی بە پیرەمەگرون سپارد.

لە دوای مال ئاوایی یەکجاری و لە پرسەکەی دا میدیاکان باسی وێستگە جیا جیاکانی ژیانی شازاد سائیب -یان کرد. هەموو خەڵکی کوردستان توشی تێڕامان بوون، چۆن سەرکردەیەکی ئاوا دبپلۆمات و خاوەن هەڵوێستی باڵای شکۆمەندی تا لە ژیان دا بوو، کەس نەی ناسی. ئەمجا زانیان مەرگی لە ناکاوی ئەم پێشمەرگە و دبپلۆماتە ون و خاکیە، وەک سەرکردەکانی تر نییە، سەروەرییەکی تایبەتمەندو مێژوویەکی شکۆمەندە، میوانی پیرەمێردە، لە گردی مامە یارە.

کاکە شانمونەی بەها باڵاکانی نیشتمان

\+ شازاد سائیب لە 1946 لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندییەوە لە ریزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کاری سیاسی کردووە. لە 1968کۆلێژی مافی لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە، لە1969-1970 سەرنووسەری گۆڤاری رزگاری بووە، لە گەڵ نەوشیروان مستەفا و هاوڕێکانیان دا توانیان رەوتی رۆژنامەوانی کورد، بەرەو ئاڕاستەی رەخنە ی لۆژیکانە بەرن. شەپۆلێکی نوێ لە گەنجی سەردەمەکەیان بە بیرو بۆچونی نوێ بهەژێنن بۆ کرداری نوێ، بیری نوێ، هەڵوێستی نوێ، بۆ ئاراستەی گۆڕانکاری نوێ، بۆرەوتی هزر و پراکتیکێکی نوێ. لەکۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، 1970-1975 لە ریزەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان دا کاری کردوە.

دوای هەرە سی ئازاری 1975 شازاد سائیب، رۆڵی گرنگ و بە بەهای دیاری هەبووە لە گەیاندن رێنمایی و راسپاردە کانی سەرکردایەتی، لە نێوان وڵات و دەرەوەدا.

لە 1979-1980رووی کردوەتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە، لە شاخ رۆڵی دیاری هەبووە بۆ ئەوەی دادگای شۆڕش، رەوتێکی نوێ، لەپەیڕەو کردنی چەسپاندنی یاسا ببینێ بۆ پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤ.

لە 1978-1983 نوێنەری ی.ن ک بوو لە سوریاو لوبنان، لە 1988نوێنەری ی.ن.ک بووە لە ئەوروپا، لە 1994نوێنەری ی.ن. ک بوو لە تورکیا.

لە 2001 کرا بە وەزیری کشتوکاڵ لە کابینەی سێ یەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە21 / 5 / 2001 لە لە رووداوێکدا ، لە نزیک پیرەمەگرون دوا هەناسەی سپارد.

سەرچاوە:

\+ چەند ژمارەیەک لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ.
\+ ئینسایکلۆپیدیای ئازد
\+ وتاری کورد

# یادی شەهید عەبدوڵڵا ڕەباتی فەرماندەی کەرتی 5ی تیپی 55ی قەرەداخ

## عەبدوڵڵا کەریم سەلیم ڕەباتی......لە داستانی گڵەزەردە ...دوا هەناسەی سپارد

عەبدوڵڵا ڕەباتی تەمەنی 13 ساڵ بوو...پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و....هەرێمی5 ی قەرەداغ و گەرمیانی دەبینی .....شەهید (سەرکەوت ....خالید گەرمیانی.. سیروان تاڵەبانی...مام ساڵح گۆڕ ئەسپی وپێشمەرگەکان........................) ،شەوان خۆیان دەکرد بە ناو ئاوایی هەزارکانی - ڕەبات داو ....تاریک و لێڵی بەیانی لە ناکاو ون دەبوون، لە سەگرمەو ...ئاژداخ و .گردۆڵکەو نشێو ...کون و کەلەبەری گەرمیان و قەرەداغ دا خۆیان حەشار دەدا، عەبدوڵڵا بە رویەکی خۆشەوە پێشوازی لەو پێشمەرگانە دەکرد ....حەزی دەکرد هەر هەموویان میوانی ماڵی ئەو بن ....حەزی دەکرد مەخزەنی کلاشینکۆفەکانیان پڕلە فیشەک بێت ...تێشووەکانیان بێ نانەرەقەو ...مەتارەکانیان بێ ئاو نەبن.هەموو خەون و خۆزگەی ئەوەبوو .... وەک ئەوان و ...
عەلی رە باتی برا گەورەی .... ببێ بەپێشمەرگەو ....رووبەرووی سوپای عێراق و جاشەکان بوەستێتەوە.

ناخۆشترین ساتەکانی ژیانی ئەو ، ئەو بەیانیان و ئێوارانە بووکە تەحسین شاوەیس و... قالە فەرەج و ...عاسی رەئووف بە ... سێ پیکاب جاشەوە.لە ناکاو چواردەوری ئاوایی هەزارکانی یان دەگرت....لە سەرقەڵاکە ی هەزارکانی دا دەمەزران ، بەجیهازە تایبەتییەکانیان ، پەیوەندیان بە ئیستخباراتی عەسکەری سەنگاو چەمچەماڵ وە دەکرد ....بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕان ...دەسگیریان بکەن و ...بە مشتێ پارە و... سوپا سێکی کەریم حەمدان ی ئامر لیوای بیان فرۆشن .

ئەم دوو دیمەنە دژ بەیەکە ، بەجۆرێک ناخی عەبدوڵڵا ڕەباتی داگیر کرد.. بوو...بوو بە رقێکی پیرۆز ...

عەبدوڵڵا لە ساڵی 1965 لە گوندی هەزارکانی ڕەباتی سەر بە ناحیەی سەنگاو ، لە باوەشی خانەوادەیەکی جوتیار لە دایک بووە .....لە تەمەنی13 ساڵی دا لە 1978 بوو بە کۆمەڵە ،لە ساڵی 1979لە تەمەنی 14ساڵی دا رووی کردەوەتە هەرێمی 5ی قەرەداخ و گەرمیان ، بۆ پێشمەرگایەتی ..لەبەر جەربەزەیی و زیرەکی و عەشقی بێ سنووری بۆ خاک و نەتەوەکەی بە پێشمەرگە وەرگیرا ، لەبەر ئازایەتی و چاونەترسی خۆی ، لە ساڵی 1982 دا کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە .

ئەو توانایەکی لەبن نەهاتووی هە بوو .پێشمەرگەیەکی نەبەردو بەدەست و برد بوو ،لە چەندان چالاکی و داستان دا بەشداری کردووە ، چەند جارێک بریندارکراوە .بووبە فەرماندەی کەرتی 5 ی .....تیپی 55 ی قەرەداخ ...لە مەڵبە ندی یەک .

لە نیسان1987 لە داستانی رزگاری دا بریندار کرا ، لە26- 27 / 5 / 1987تیپەکانی مەڵبەندی یەک بە هاوکاری رێکخراوی 4 ی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و مەفرەزەیەکی پاسۆک وهێزی پشتگیری .....بە پێی نەخشەیەکی وردی سەربازی ، لەسێ قۆڵی جیاوە هێرش دەکەنە سەر زنجیرە چیاکانی گڵە زەردە .
لە قۆڵی یەکەم : هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی 55ی قەرەداغ ....تیپی مەڵبەدی یەک ....تیپی تۆپخانە.....هێزی بەرگری ، هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی [ پشتی سوێراوا،زرگوێز ،کڵاو گورگ ، دار مازەڵە ] توانرا بارەگای فەوجی 103 و دوو بارەگای سریەو 7 رەبییەی سەر بە فەوجەکە بگرن.




قۆڵی دووەم: هێزێکی هاوبەشی تیپی 53ی شیروانەو تیپی 51ی گەرمیان ، هێزی پشتگیری هێرشیان کردە سەر مەخفەری گڵەزەردە و پشتی بەرانان ،تونیان دەست بەسەر بارەگای سریەی هێزی کۆماندۆی 3،4ی فەوجی یەکی کۆماندۆی تیپی 3 ، 5 و بارەگای فەسیلی 11، 12 ، 13 ی یەکەی 30512و بارەگای سریەو 15 رەبییەی جاشەکان دا بگرن

قۆڵی سێیەم : هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی 57 ی سەگرمە و59ی حەمرین و هێرشیان کردە سەر دوژمن لە پشتی داراغا......پشتی هەزار مێرد ...پشتی جێشانە ، تونیان دەست بەسەر
بەشێکی بارەگای فەوجی 60 ....بارەگای سریەی جاش....13 رەبیەی جاشەکان دا بگرن لە هەردوو رۆژەکەی ئەم داستانەدا نزیکەی 250 سەربازو جاش کوژران ....26 جاش بەدیل گیرا ....

دەسکەوتەکان 191 پارچە چەک و 6 ئوتۆمۆبیل و 11 دەزگای بێ سیم بوو ، لەم داستا نەدا 6 پێشمەرگە شەهید کران ...قادر حەمە ساڵح یاروەیس ناسراو بە دلیر جاف فەرماندەی تیپی مەڵبەندی یەک .... مەلا یادگار سەردەستەی مەفرەزەی پاسۆک ، حەمەد ساڵح قازی لە تیپی 53 ی شێروانە ، محەمەد حەمە ئەمین ، حیکمەت مەحمود رەشید لە تیپی مەڵبەندی یەک .

عە بدوڵڵا ڕەباتی لە مانگی نیسانی 1987لە داستانی رزگاری دا بریندار ببوو ، پزیشکی مەڵبەندی یەک ، یەک مانگی مۆڵەتی بۆ دانابوو ، بۆ چارەسەر .ئەو کاتەی کە هێزپێشمەرگەی مەڵبەندی یەک ، لە سنووری سەرکردایەتی بەشداری داستانی رزگاریان کرد .

سوپای عێراق پەلاماری زنجیرە چیای گڵە زەردەیان داو گرتیان ، بەشێک لە هێزەکانی مەڵبەندی یەک گەڕانەوە بۆ گرتنەوەی گڵە زەردە ، عەبدوڵڵا ڕەباتی بەو برینەی جەستەیەوە لە گوندی هەزارکانی- ڕەباتەوە ، خۆی گەیاندە هێزەکان و بەشداری داستانەکەی گڵە زەردەی کرد.


لە یەکەم قۆڵی هێرشەکان ، عە بدوڵڵا کەریم سەلیم ڕەباتی فەرماندەی کەرتی 5 ی تیپی 55 ی قەرداغ ، لە شەوی 25-26 /5 / 1987 لە ساتی بروسکەی هەڵمەتەکەی دا ، بۆ سەر بارەگای 103، دەپێکرێت و دوا هەناسە دەسپێرێت بە کڵە زەردە ..لە گۆڕستانی گوندی هەزارکانی - ڕەبات - ی سەنگاو بە خاکی دەسپێرن .

+ بۆ ئەم نوسینە سودم لە بەشی دووەمی ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەرکرتووە / فەرید ئەسەسەرد سەرپەرشتیاری گشتی وسە رۆکی دەستەی کارا / کەیوان سەعید سکرتێری نوسین / ل995- 996/ چاپی سێیەم/ 2016

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

# پێویستە بنەماڵە بەڕێزەکەی بابان بەیەک گرتویی بمێنێتەوە

بۆ نمونە ( مێژوی دوانزە سوارەی مەریوان ) تان پێشکەش ئەکەم .
شەڕەکە
زۆرکەس ڕوداوەکەی دوانزە سوارەی مەریوان
بە ( اسطورە ) دادەنێن گوایە چۆن بەدوانزە سوار لەشکرێکی گەورەی دوانزە هەزار کەسی دەشکێنن ؟
بۆیە ڕونکردنەوەی ئەم چمکە شاراوەیەی مێژوی میلەتەکەمان شتێکی نەک هەربەسودە بەڵکو پیویستیشە .
حوسەین ناضم بەگ دەفەرموێت :
ئەم کارەساتە لەمەریوان ڕوی داوە کە ئەو دوانزە سوارەیە سوپای سەلیم بەگیان شکاندوە
وەبەسەریاندا سەرکەوتون .
١- مێجەر لۆنگریک ( چوار سەدەی ئەم دواییە لەمێژوی عێراق ) دا دەڵێت ::
ئەم کارەساتە لەکاتی فەرمان ڕەوایی ( سلێمان بەبەی کوڕی ماوەند کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشومانە ) دا ڕوی داوە واتە لەساڵی
( ١٠٨٨ ک / ١٦٧٧ ز ) ڕوی داوە .
٢ -- میستەر ڕیچ
هەر لەم ڕووە وە دەڵێت ::
شوێنی ڕوداوەکە نزیک بە ( ئەحمەد ماکوان ) لەبەینی پینجوێن و مەریواندا بوە ئەویش وەک
( لۆنگریک ) دەڵێت لەکاتی فەرمان ڕەوایی
( سلێمان بەبە ) دا بوە کەبڕوای وایە لەبەینی ساڵانی ( ١٠٧٧ ز /١٠٩٢ ک ) ( ١٦٦٦ ک -- ١٦٨١ز) حوکمی کردوە .
٣-- ئەمین زەکی بەگ :: دەفەرموێ
دوای ئەوەی سەلیم پاشای بابان لەیەکێک لەشەڕەکانی دا لەگەڵ هێزی والیی بەغا -- کەئەوکاتە سلێمان پاشاوالی عوسمانلی بوە لەساڵی ( ١١٦٧ ک / ١٧٥٣ ز ) دا شکا ، خۆیو پیاوەکانی ڕویان کردە ئێران سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا لەقەڵا چوالان لەشوێنەکەی دانراو دانیشت
سەلیم بەگ دوای ئەوەی دوساڵ بەئێراندا سوڕایەوە کەس دەستی یارمەتی بۆدرێژ نەکرد
گوایا ( کریم خانی زەند ) سوپایەکی ( دوانزە هەزار کەسی ) بۆ ڕێک خستووەو ناردویەتی بۆسەر وڵاتی بابان بەڵام لە ئەنجامدا هیچی دەست گیر نەبو .
٤-- تۆفیق قەفتان خوالێی خۆشبێت
لەباسی هاتنی سوپای ( کەریم خانی زەندا ) دەفەرموێت :: ئەم لەشکرە بەنەهێنیو بێدەنگ هات تاگەیشتە ناوچەی مەریوان .
لەبەرئەوەی هاتنە کەیان کوتو پڕبو ، بۆیە حکومەتی بابان لەسەرەتاوە ئاگادار نەبو بەڵام هەر کەهێزەکە گەیشتە مەریوان .
سەرداری ( قزڵجە ) خێرا قەڵاچوالانی ئاگادارکرد .
سلێمان پاشا وا ڕاهاتبو نیوەڕوان دەنوست ، واڕویدا لەوکاتەدا بو کە تەتەر ( هەواڵ بەر یا نامەبەر ) گەیشتە قەڵاچوالان ، سەرۆکەکانی بابان لێکیان دایەوە بەم دەستو بردە هێزێکی
وەهایان بۆ کۆناکرێتەوە کەبەرەنگاریی ئەم سوپا گەورەیەی ئێرانی پێ بکەن دوا خستنی کۆکردنەوەشی کارێکی پڕ مەترسی بوو ، کەسیش زاتی ئەوەی نەبو میر سلێمان لە خەو هەڵسێنێ !!
دوژمنیش هەموی دەسەعات ڕێ لەقەڵاچوالانەوە دوورە .
ئەمانیش بەتەنیا بەبێ ڕاوێژی سلێمان پاشا هیچیان بۆنەدەکرا بۆیە تەواو شپرزە بو بون
ناچار میر سلێمان خەبەر دەکەنەوە ، تێشی دەگەێنن کەدوژمن گەیشتۆتە سنوری ( قەڵا چوالان ) سەرۆکەکانی بابان چاوەڕوانی فەرمانن .
پاشا ڕقی هەڵدەسێو بەو کەسەی کە خەبەری دەکاتەوە دەڵێت :
گەورەکانی بابان چاوەڕوانی من بۆ دەکەن ؟
قارەمانانی بابان لەمە غیرەت دەیان گرێت
ئەوانەی بەدوانزە سوارەی مەریوان ناوبانگیان دەرکردبو
هەریەکەی بەخزمەت کارێکەوە بەرەو ئۆردوی دوژمن کەوتنەڕێ .
دوای ئەوە دوای ئەوە تۆفیق قەفتان ئەفەرموێ :
هەر ئەم گیانەبو وای لێکردن هەتا ئێوارە ئەوڕۆژە شەست کیلۆ مەتر ببڕن و ئێوارە وەختە بگەنە نزیک ئۆردوگای دوژمن .



پیلانی هێرشەکەیان وەها دانابو .
کەهەر دەستەیەکیان لەلایەکەوە پەلاماری دوژمن بدەن ، بۆ ئەوە لەهەرچوار لاوە ، هێرشەکە دوا خەن
دەبێ دو بەشی شەو بڕوات ،بەمەرجێک لەکاتی
هێرش دا هەرکەسە لەڕاستی خۆی دەنگ بەناوی خواوە بەرز دەکاتەوە ، پیادە کانیشیان
هەرکەسە لەجێگای خۆیەوە لە (تەپڵ )لێدان نەوەستان بۆ ئەوەی دوژمن وابزانێ کەلە هەموو لایەکەوە بەسوپایەکی گەورە پەلامار دراوە .
ئیتر لەکاتو ساتی خۆیدا لەهەموو لایەکەوە پەلاماری دوژمن دە دەن . بەجۆرێک کەوتبونە کوشتنو بڕین ، لەوەدەچو سوپایەکی بێ شومار پەلاماری دابن ،سوپای ئێران کەلەخەوی شیریندا بون تەواو شپرزە بون.
لە قارەمانانی بابان نۆ کەس شەهید بون
ئەمەش ناوی دوانزە سوارەکەیە کەبەشداربون لە شکاندنی سوپای گەورەی ئێران شەڕەکە لە ئەحمەد ماکوان ڕوی دا لەبەینی پێجوێن و مەریوان دا

١-- سەلیم بەگ ( سەلیم سێ تەنگە ) بابان
٢-- ئەکرەمی مەلا هەمزە ( ئەکرەم ئەوغانی )
٣-- جوامێراغای ڕەنگێنە
٤-- سوارا غای بڵباس
٥-- زوڵاڵ ئەحمەد ئاغا
٦ -- محەمەد بەگی مەرگەیی
٧-- مەحمود بەگی باش چاوەش
٨--ئەحمەد بەگی دارۆغا
٩-- بریندار اغا
١٠ -- دارا غای میراو دەلی
١١ -- میران بەگی وەلەد بەگ
١٢ -- حەمە ڕەشی دارۆغا

سلێمان پاشاش خۆی لەگەڵ هێز دەڕوات کەدەگاتە ( قزڵجە ) لەوێ ئاگاداری دەکەن کەچۆن ئەو دوانزە قارەمانە دوانزە هەزار نەفەری سوپای ئێرانیان شکاندوە .
چەکی ئەو کاتە زیاتر ( شمشێر ) و ( قەرە بینا ) بوە .

بۆیە ئەڵێم پێویستە هەمو بابان بنەماڵەمان بەگیانێکی لەخۆبوردەیی کار بکەین دور لە بوغزو کینە دور بکەوینەوە لە خۆ بەزل زانین وەخۆ فەرز کردن بەسەر خزمان دا تەفرەقە دروست نەکەین خوای گەورە فەزڵی کەسی نەداوە بەسەر کەسدا دورکەوینەوە لە گومانی خراپ بەرامبەر یەکتری نەبینە هۆی تەفرەقەو دورکەوتنەوە لەیەکتری .

ئیتر خۆشیتان کەسو کارە ئازیزەکانم
ئەگەر کەمو کوڕیەک هەبو لێم ببورن

فوئاد مەحمود بابان
سلەیمانی کانێسکان شێخانی مزگەوتی گەورە
2022/5/26

# شر البلية مايضحك بەڵاکە لەوەدایە پێشبکەنی

شر البلية مايضحك پەندێکی عەرەبی عیراقیە ...شرّ البلية ما يضحك واتە پێکەنین بە شتێک یا ڕوداوێک کەبەسەر مرۆڤ دا دێت وبەتایبەت بۆ ئەو کارەساتانە بەکار دەهێنرێ ولەداخیشا پێدەکەنێ لەگەڵ ئەو ناخۆشیەی بەسەری هاتووە. ئەم پەندە یا دەستەواژەیە لەلایەن ئەڵمانەکان بە Shadenfroh واتە خۆشی وئێش وئازار بەکار هێنراوە...بەڵام انگلیزەکان دەستەواژەیRoman holiday یان بەکارهێناوە ئەویش لەشیعری Childe Haoldی قەسیدەی شاعیری بەریتانی جۆرج گۆرِدون وەرگیراوە کەباس لەئەزمون وئازارەکانی دەکات خۆی بەپاڵەوانی زۆرانبازی ڕۆمانی دەچوێنێ کە ئازارو ئەشکەنجە دەکێشێ کەخۆش بەخت دەبێ کە چاوەروانی مەرگی خۆیەتی...

د.فەخری ئەلقەیسی مامۆستای فاکەڵتی ددان / زانکۆی بەغدا تایبەت بە نەشتەرگەری و نەخۆشیەکانی پوک دەگێرێتەوە ودەڵێ :

ساڵی ٢٠٠١لەئەمنی ڕسافە بەندکرابوم بەتۆمەتێکی سیاسی لە ژووری بەندیخانە ١٠کەسی قەڵەو کەتەو زلم لەگەڵ بوو لەمعیدیەکانی ابوغرێب... سەریان بچوایە نوێژیان نەدەچوو زۆرجاریش نوێژی جەماعەتیان دەکرد... لێم پرسین ئێوە لەسەرچی گیراون تۆمەتەکەتان چییە؟

گوتیان ئێمە گۆشتی گوێدرێژی قیمە کراومان بۆ ڕێستۆرانت و قەسابخانەکانی کازمیە دابین دەکرد لەگەڵ ژنانمان لە کەئێستا لەخانەی ژنانێ وەک ئێمە بەندکراون.

لەو کاتەدا کلینیکێکم هەبوو لە کازمیە کە ماوەی 20 ساڵ بو.ماوە ماوە دوو کیلۆ کەبابم بۆ خێزانەکەم دەکڕی لە باشترین وهەرە خۆشترین چێشتخانەی کازمییە بە ناوی کەباب سەید جابر وبەهۆی قەرەباڵغی بەرنەدەکەوت بۆیە پرسیارم لێکردن کە ئایا کبابەکانی سید جابر لە ناو ئەو کەسانە بوو کە گۆشتی قیمەتان پێدەدا؟

گوتیان بەڵێ.

ماوەیەباش حەپەسام ودواتر کەوتمە ژمێرەی ساڵەکان و ژمارەی ئەوکیلۆ کەبابانەی لێم کریوە،بۆیە پێم گوتن واتە من لەوکاتەوە تا ئێستا گوێدرێژ و نیوێکم خواردوە!!

بێگومان چیرۆکەکە بڵاوبۆوە،ئەفسەری لێکۆڵینەوە ناردی بەشوێنم دا بۆ ئەوەی ئەو بەسەرهاتەی بۆ باس بکەم ئەفسەرەکە خۆشی لەهۆزی قەیسیەکان بوو منیش پێم ووت تۆ لەکازمیە نانت خواردوە ؟

گوتی کاتێک سەردانی ئاسایشی کازمیەم دەکرد و سەردانی هاوڕێیەکەم دەکرد بانگهێشتی دەکردم بۆ کەبابی کازمیە... ڕاستت دەوێ منیش لەپشتی تۆوە چووم بۆ ژماردنی کە چەند کیلۆ گۆشتی کەرم خواردوە..؟بێگومان گروپەکە لە سێدارە دران بەخۆیان ژنەکانیان.

ئەم ڕووداوە لە سەردەمی ڕژێمێک دا ڕووی داوە بەتوندترین شێوە سزای خەڵکی دەدا؟ئایا ئێستا دەبێ چۆن بێ؟


لە دوای کەوتنی ڕژێم تا ئێستا ڕەنگبێ هەر یەکێکمان گۆشتی دەرزەنێک کەرمان خواردبێ... ئەوەیە دەڵێن شر البلية مايضحک....

**وەرگێرانی**
**عوسمان عومەر**
**٢٠ی ئایاری ٢٠٢٢**



# سەرووەری مەلاشاخی

پارتیزانی دوای ئەنفال
شەهیدبەکر محمود بیرەسپانی (فەرهەنگ)
ـ لەدایک بووی ساڵی 1963
دێی(بیرەسپان خواروو)ناحیەی(پردێ).
ـ هەر لەساڵی 1963 حەرەس قەومی (عبدالقادرتوفیق)ی
ماميان شەهید کرد.
ـ ساڵی 1980 پەیوەندی کردبە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە .
ـ لە 1982/1/14 لەلایەن
دەزگای ئەمنی(پردێ)وە
راپێچی زیندان کرا.
پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕەوانەی(هیئەی خاسەی کەرکوک)
و(امن عامە )ی بەغدا کرا.
پاشان بەزیندانی هەتا هەتایی حوکم درا.
ـ لە 1982/7/23
بەرلێبووردنی گشتی کەوت و ئازاد بوو.
ـ هەرهەمان ساڵ بوو بە
پێشمەرگە لەتیپی21ی کەرکوک.
ـ لەچالاکی و نەبەردیدا نمونەی
پێشمەرگەی چاونەترس بوو..
ـ لە نەبەردییەکدا زۆر بەسەختی
برندار کرا.
ـ شەهید بەشداری شەڕەکانی
بەرگری ئەنفالی 4 ی کرد..
ـ ماوەی 2مانگ لەگەڵ ئێمە
لە دەشتی کەرکوک وهەولیرمایەوە.
ـ لەمانگی تەمموزی 1988
لەنزیك هەولیر..لەگەڵ دوو پێشمەرگەی هاوڕێیدا کەئەوانیش
(شەریف کریم ڕۆژبەیانی)و
(یاسین عومەر صدیق بیرەسپانی)بوون
بەدیل گیران و ڕەوانەی
(امن هەولیر)کران و
پاشان شەهید کران.
روحیان شاد.



# ئاوازی گلەیی

تۆ قسەیەکی سەرشان ڕووت و
پێکەنینێکی خاڵ لە ملت نەدامێ
تا شەوان سەر بنێم بە سنگی نەرمی ژیانەوە و
لە سای خەونێکی تۆدا تێر هەڵمژم
تام و بۆن و بەرامێ

تۆ نەتهێشت چەند چرکەیەک ئاوازی گلەیی و
ئازاری گریانم لەسەر هەستت ڕابژێنم
تۆ نەتهێشت دەست بێنم بە بێدەنگیتا و
نوری دڵم لە جەستەی ساردی تەنیاییت بئاڵێنم
ئاخر ئیتر چۆن بتوانم
بەختم بە پیت ڕەنگ بکەم و
یەک یەک ئاهی سەر پەنجەکانی گومانم
بە شیعر دابگیرسێنم

لە دورەوە قەت ماچێکت تێنەگرتم
لە تەنیشتما دەستی گەرمی خۆزگەیەکت هەر نەگرتم

چیبێ لە تۆ نهێنی بێ .. وا خەریکە وشک ئەبێ
گەرووی سەوزی پڕ پڕ لە سەدای جارانم
وا خەریکە کز ئەبێ
دیدەی پڕ شەوقی ڕامانم

هێندە ئاخم بە سیمای زەرد و لاوازی چاوەڕوانیما ڕشتووە
هێندە تامی ڕووشکاندنم چێشتووە
هێندە لەسەر فەرشی ڕەشی پەشیمانیم
لۆمەی ڕۆحی خۆم کردووە
ئێستاکە نامناسیتەوە .. ڕەنگم وەک ڕەنگی مردووە

وا پیرێتی بە عومرما هەڵئەگرێ
کەچی هێشتا ئارامیم پێی نەگرتووە
هەر شیری کاڵی شیعر ئەخوا
دایکی وشەم دەستی ئەگرێ و جار جار پێڕەوکەی پێئەکا
هەندێ جاریش ڕائەوەستێ .. چەپک چەپک ترسی کەوتنی ئەبەستێ و
بە دیواری پرشنگداری دێڕا ئەڕوا

هەزاران جار بە سوێی دڵم لەسەر ڕووناکی ڕۆحی خۆم
ئاوازی گلەییم نووسی
بەڵام ئاخ کەس من نابیستێ
کەس بۆنی سۆزێکم ناکا و
کەس لای چیرۆکی منەوە ڕاناوەستێ

وەها سەرم لێتێکچووە .. وەها گڕی زامی دەروونم هەڵچووە
کە نازانم بۆچی و لە چ زەمەنێکا شکام
لە کام سەر زەمینا ژیام
هەر نازانم کە خەڵکی کوێم
ئێستا خۆم نازانم من کێم


ئازاد مارف



# دەیبینم

ئەو کانیانەی قوڵای خۆم دەبینم
کە وێنەی تۆی لێ هەڵدەقوڵێ
ئەو برینانەش دەبینم
کە ناوبەناو وێنەی
سوری خوێناوی تۆی لێ ئەچۆڕێ
دەیبینم
ئەو ڕەشەبا بریندارە دەبینم
کە وێنەی تۆی لە گەردەلولێکدا ڕفاند
کۆلارەی ڕۆحیشم دەبینم
کە بە ئەنقسەت خۆر بە تیشکەکانی
دەزوەکەیان پچڕاند
دەیبینم
تۆ دەبینم وەک میوانێکی هەمیشەی
لە سوچێکی کەلاوەی دڵما دانیشتوی
وەک پاساریەکی دوای تۆفان
لەسەر گوێسوانەی ڕۆحما هەڵنیشتوی

بەخە(بەختیار شارەزوری)



# شۆڕش و شۆڕشی پێچەوانە !

بەشی یەکەم : ناساندن
بەشی دووەم / ڕۆڵی دەوڵەتانی ئیمپریالی
بەریتانی ،فەرەنسی و ئەمەریکی لە بەرپاکردنی شۆرشی پێچەوانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا .


زۆربەی شۆڕشەکان دید و ئاراستەکردنیان لەدوای روخانی رژێمەکان دەوەستێ و دەستەپاچە ئەبن لەسەر بڕیاردان و قسەکردن لە سەر کاری داهاتوو ، بەجۆرێک کە شۆڕش و ئاکامەکەی لەخاڵێکدا دەوەستێ و بەرە بەرە ڕەنگی رژێمی پێشوو ئەگرێ .

بەشی یەکەم / ناساندن :

شۆڕش چیە ، چی دەربارە دەزانین ؟
شۆڕش بەمانا تەواوەکەی وشە واتە ؛ هەڵگێرانەوەی سیستەم و پێکهاتەی سیاسی وکۆمەڵایەتی و مەعریفی و ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقی و لەبەریەک هەڵوەشاندنی هەمو سەوابت و پیرۆزیەکان و تکشکاندنی سەرجەم کۆسپەکانی بەردەم ئازادی و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی مرۆڤ .
شۆڕش واتە ؛ یاخی بونی هێزە کۆمەڵایەتیە چەوساوەکان دژی ئەو هێزانەی کە دەستیان گرتوە بەسەر هەمو بوارەکانی وەک ژێرخانی ئابوری و بونیەی کۆمەڵایەتی و سەرخانی دامەزراوەیی و سیاسی ، هەروەها دژی بژاردەی دەسەڵات و هەمو لایەنگرانی رژێم .
شۆڕش واتە بەردەوامی ، واتە کاری شۆڕشگێرانە
شۆڕش خاڵێکی دیاریکراوی نیە تیا بوەستێ ، بەپێچەوانەی بزاوتی ریفۆرم یاچاکسازی (کە لەچوارچێوەی خودی سیستەم دا داواکاری و پێشنیاری چاکسازی هەیە نەک دەرچون لە چوارچێوە گشتیەکەی سیستەمی سیاسی !)
شۆڕش بەردەوامی هەیە و هەمیشە ئەبێ لە هێرش دا بێ ، شۆڕشی بەردەوام دروشمەکانی نە لەیاسا هەبوەکان و نە لە مێژوو وەردەگرێ ، بەڵکو لە خەونەکانی مرۆڤ بە ئازادی و رەفاهیەتەوە .لە ویستەکانی لە دۆزینەوەی ماناو واتایەک بۆ ژیان و لە حەزی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی خۆی ، شۆڕش تاکە بڕیاری ( ڕاست ) نیە ، بەڵکو ئەوە بڕیاری مرۆڤە بۆ بەدەست هێناوەی خۆی ، لەپێناو ئەوەی خۆیەکی رێزلێگیراو بێت .(١)

دەسەڵات بەیەک لێدان ناکەوێ !
چونکە لایەنگرانی رژێمی لابراو ئەویش پەچەکرداری دەبێت ، وەک پەچەکردارەکانی دوای شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ و شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیای ساڵی ١٩١٧ ، بۆیە دەبێ زۆر وەدبین بتوانین شۆڕش و شۆڕشی پێچەوانە لەیەکتر جیابکەینەوە .

هەمو کارێک کاردانەوەی هەیە ، بۆیە هەمو شۆرشێکیش رووبەروی شۆرشێکی پێچەوانە دەبێتەوە ،
هیچ شۆڕش و ڕاپەرین و سەرکەوتنێک لەبەرژەوەندی هەموو چین و توێژ و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی گەلدا نیە ، توێژو پێکهاتە هەیە بەرژەوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ سیستمی سیاسی دەسەڵاتداری روخاودا هەبوە ، بۆیە ئەو توێژو پێکهاتە لەخەڵکە لەگەڵ لایەنگرو دەستەودائیرەی کۆنی دەسەڵاتی لەناوچودا لەسەرەتادا وەک بەرەیەکی نارێکخراوی دژە شۆڕش و سەرکەوتن و گۆڕان و ئاڵوگۆڕیەکان دەردەکەون و دواتر لەبەرەیەکی فراوانتردا وەک بەرەی شۆڕشی پێچەوانە دژی شۆڕش و گۆڕان و ئاڵوگۆڕیە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەواوی بونیەی نوێی سیستمی سیاسی دەوەستنەوە و دەکەونە دژایەتی کردنی ..



لەدوای بەئاکام گەیشتنی شۆڕش و ڕاپەرینەکان لەناو خودی بەرەی شۆڕش و زۆرێک لەسەرکردەکانیدا دوو بۆچوون و ڕای جیاواز سەر هەڵ دەدات ، هەندێکیان لایان وایە شۆڕش بە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی گەیشتوە و کاری شۆڕشی ئەوان لێرەدا ئەوەستێ و بەکۆتا ئەگات ،
بەڵام بەلای بەرەی دووەمەوە ( کەزۆر جار کەمایەتیە ) پێیان وایە ئەمە خاڵ و قۆناغێکی شۆڕشە و نابێ کاری شۆڕش و ستراتیژی شۆڕش کە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانی ریشەییە لە ستراکتۆری گشتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دا لە قۆناغێکی دیاریکراودا بوەستێ ، چونکە خواستی مرۆڤ لە ئازادی و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتندا بێ سنورە و ئەبێ شۆڕش هەمیشەیی و بەردەوامی هەبێ .
بۆیە لەئەنجامدا ( بەشێک لەو توێژ وپێکهاتەی خەڵک کە زەرەر مەند بوون لەشۆڕش و ئاڵوگۆڕە نوێیەکان ) کەدژی شۆڕش و پەیامەکەی دەوەستنەوە ،هاوشانی ئەو سەرکردەو بەرپرسانەی کە دوای سەرکەوتنەکان لایان وایە شۆڕش ئەرکی بەکۆتا گەیشتوە لە خاڵێکدا بەیەک دەگەن و بە جیا لەیەکتری خزمەت بە دۆزی شۆڕشی پێچەوانە دەکەن کە سەرقاڵی کارو بەرژەوەندی و ژیان و گوزەران و دروستکردنەوەی خۆیان دەبن لەناو ئەو پرۆسە ئاڵۆزە فرە رەهەندەی ژیانی سیاسی نوێدا !.
ئەوەی جێگەی هەڵوەستە و پرسیارە سەبارەت بەکاریگەری و ڕۆچونی ئەم رەوتە دژ بە شۆڕش و ڕاپەرینەیە بۆ ناخی خەڵک و بەشێکی فراوانی جەماوەری کوردستانە ؟
ئایا ئەم هەست و تێروانیە دژە شۆرشە هۆکارەکەی تەنها ناوخۆیین و دەسەڵاتی سیاسی لێی بەرپرسیارە یا هۆکاری دەرەکی و وڵاتانی هەرێمی و دەولی بەشدارن لە رێگری و وەستانی شۆڕش و کۆنترۆڵکردنی کاریگەریەکانی ؟ .
ئایا ئەم هەست و بۆچونە ، شتێکی خۆبەخۆیی و خۆرسکە یا فەلسەفە و گوتارێکی تایبەتی لەپشتە ؟
هەروەکو پێشتر باسمان کرد شۆڕش لەکۆمەڵێ توێژی جیاجیاو پێکهاتەی چینایەتی جیاواز پێک دێت ، بۆیە هەریەک لەو توێژو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە جیاوازەش مەرام و بەرژەوەندی جیاو و داخوازی جیاوازی هەیە کە هەندێکی ناکۆک و ناتەبایە لەگەڵ پرۆژەو بەرنامەی شۆڕش بۆیە ئەشێ هەر لەخودی ئەو توێژە یا پێکهاتە چینایەتیەشدا رەگو ریشەی ناکۆکی و ململانێ و جیاوازی لەسەر داهاتوی شۆڕش و سیستەمی حوکمرانی سەرهەڵبدا ،

شانبەشانی ئەم ململانێ و ناکۆکیە ناوخۆیەش ، لایەنی دەرەکی لە دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە کە بەرژەوەندی ئابوری و سیاسیان لە مانەوەی سیستەمی پێشوودا بوە هەوڵ دەدەن بەهەر نرخێ بێت کاردانەوەی نەرێنی بنوێنن و هانی لایەنگرو توێژ و پێکهاتە زەرەر مەند و وەلانراوەکان بدەن و دژی شۆڕش و باری دۆخی نوێ بوەستنەوە ،

بۆیە شۆرش و ڕاپەرینەکان نەک هەر لە ناوخۆ بەڵکو لە دنیای دەرەوەش دژایەتی دەکرێن و هەوڵی تێکدان و ڕێگری لەسەرکەوتنی دەکەن کە دەکرێ نمونەی شۆرشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩ی زاینی وەک نمونەیەکی زەقی شۆرشی پێچەوانە وەربگرین ؛

کاتێ شۆرشی گەلی فەرنسا لەساڵی ١٧٨٩ زاینی سەرکەوت و دەسەڵاتی مەلیکی لۆیسی ١٦ی روخاند ،جگە لەوەی دەسەڵاتی سیاسی روخاند لەگەڵ ئەوەشدا لێدان بو لە بەرژەوەندی چەندین توێژی مشەخۆر و پێکهاتەی چینایەتی جیاواز وەک بەگزادەکان و پیاوانی ئایینی و ئەشراف و خانەدانەکان و خاوەن زەویە گەورەکان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە کاریگەریەکانی مەترسی خستە سەر دەسەڵاتە ستەمکارەکانی تری ئەوروپا بۆیە هەریەک لە ئیمپراتۆریەتی نەمسا و بروسیا وبەریتانیا و هۆڵندا و اسپانیا بۆ بەگژداهاتنەوەی شۆرشی فەرەنسی هاوپەیمانیەتیەکیان دروست کرد کە هاوکاری زۆری هێزو پێکهاتە زەرەر مەندەکەی ناخۆی فەرەنسایان کردو بەهەمو شێوەک کەوتنە دژایەتی کردنی شۆرش و پایەسەرەکیەکانی ، بەم شێوەیە و بۆ ماوەی ٣سێ ساڵ لە شۆرشی پێچەوانە لەئاکامدا شۆرشی گەلی فەرنسا سەرکەوت و توانیان گەلەکۆمەکێی دەرەکی و هەوڵە دژە ناوخۆییەکان سەرکوت بکەن و لەساڵی ١٧٩٣ لە مەیدانی شۆرش ملی قەیسەریان بە مەقسەڵە پەڕاند ! (٢)

خەسڵەتەکانی شۆرشی پێچەوانە چین ؟

شۆرشی پێچەوانە دوو رووی هەیە ، ڕوویەکی (دامەزراوەیی) ە کەخۆی لە دامودەزگا کاریگەرەکانی ناو کۆمەڵگە ودەسەڵاتدا دەبینێتەوە ، ڕووەکەی تریشی (دەروون) یە کە دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ روئیا و بۆچون و هیوا و کوشتنی ئەو روحیەتەی کە شۆرشی دروستکرد ،وە کۆتایی هێنان بە روحیەتەی کە شۆرش لێیەوە هەڵگیرساوە ئامانجێکی ستراتیژی شۆرشی پێچەوانەیە و بێ هێنانەدی ئەو ستراتیژە هەرەشەکانی شۆرش کۆتایی پێ نایەت لەبەر ئەوە شۆرشی پێچەوانە هەوڵ دەدات روحی شۆرش بکوژێ و لەشارێی خۆی لای بدات ، لەپێناو ئەو ئامانجەدا شۆرشی پێچەوانە گەشەدەکات و لەناو کۆمەڵگەدا فەلسەفە و گوتاری خۆی بڵاودەکاتەوە کە ٣سێ چەمک لەخۆ دەگرێ ئەوانیش ( چەمکی سەرکردە ،چەمکی دواکەوتن ، چەمکی واقعی ) کە لەخوارەوە کەمێک باسی ڕۆڵی هەریەک لەو چەمکانە دەکەین لە پرۆسەی شۆرشی پێچەوانەدا ؛

یەکەم / چەمکی سەرکردە یا سەرۆک ؛

یەکێک لەئامانجەکانی شۆرشی پێچەوانە زیاتر دەرخستن و گەورەکردنی کەسێتی سەرکردە یا سەرۆکە ، هەوڵ دەدات پێگەی سیاسی و ڕۆڵ و کارگەری سەرۆک گەورەبکەن و سەرۆک وەک ڕەمزی سەرکەوتن و بەردەوامی و مانەوە وێنابکەن ، لەبەرامبەردا ڕۆڵ و پێگە و کاریگەری تاک و گەل بچووک و بێ ئەرزش لەقەڵەم بدەن ، وەزۆر جار ئەوە بڵاودەکەنەوە کە ( ئەوەی کە ئاوات و ئامانجەکانی گەل دابین دەکات سەرۆکی بە توانا و بەهێزە ) ئەم رستانە وەک دروشم سەبارەت بەسەرۆک چەند جارە بڵاودەکەنەوە کە مەبەستیانە سەرکەوتن و ئامانجەکان لە بوونی سەرۆکدا بەرجەستەبکەن و کەسی ئاسایی دوور بخەنەوە لەوەی کە ئەو مێژووی دروستکردوە ، بۆیە شۆرشی پێچەوانە ئەیەوێت بەخەڵکی ئاسایی بڵێت کە ( مێژوو گەورەکان دروستی ئەکەن نەک خەڵکانێکی هاوشێوەی تۆ )، هەروەها ئەیەوێت بە خەڵک بڵێ کە ئەوە سەرۆکە بەنوێنەرایەتی ئێوە و لە پێناو ئێوەدا ئەرکە گرانەکان ئەنجام دەدات کە بەئێوە ناکرێ ، وەئەبێ ئەوە بزانن کە ئەوە خودی سەرۆکە لێپرسراوێتی کۆمەڵگە هەڵدەگرێ نەک ئێوە ! بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کەئەوە هەر گەل بوو شۆرشی ئەنجانداو هەستی بە لێپرساوێتی ڕاستەوخۆ کرد لەبەرامبەر کۆمەڵگەو هیچ سەرۆکێکیش نەبوو بڵێ ئەوە بەبوێنەرایەتی من بکەن !

مەبەستیانە ڕۆڵ و پێگەی گەل بچوک بکەنەوە و خەڵک داماڵن لە ئیرادە و کاریگەری لەسەر جوڵانەوە و مەیدانی سیاسی کاڵبێتەوە و خۆی رادەستی ئیرادە و مەرامی سەرۆک بکات ، بەمەش شۆرش یەکێ لە بنەما هەرە دیارەکانی خۆی لەدەست دەدات کە بەشداری سیاسی و ڕۆڵی پێکهاتە جیاوازەکانە لە پرۆسەی هەمەلایەنی سیاسیدا لە وڵات .

دووەم / چەمکی دواکەوتن :

شۆرشی پێچەوانە هەوڵ دەدات لەسەر بەدواکەوتوویی ناوەزەند کردنی گەل بژی ، واتە دەیەوێت بڵێ تەواوی گەل لە دۆخی دواکەوتوویی دا دەژیت و گەل پێکهاتەیەکی دواکەوتوە ، ( بەپێچەوانەی سەرەتاکانی شۆرش کە ئەوکات ئەیان وت بەئیرادەی گەل سەرکەوتین !).

شۆرشی پێچەوانە بە چڕی کار لەسەر ئەم چەمکە دەکات و هەوڵ دەدات ئەم وتانە وەک کارێکی دووبەرەکی یا برودان بەملمڵانێ لەناو خودی سەربازگەی شۆرشدا دروست بکات .

بۆنمونە لە ژیانی سیاسی و پرۆسەی هەڵبژاردندا لەوانەیە ئەنجامی دەنگدان بە پێی ویستی حزب نەبێ ، یا خەڵک نەتوانێ پەیام و پرۆژەی قوڵی حزب بەئاسانی و سانایی جێ بەجێ بکات کەئەمە ئەگەر زۆر بەنەرمی و بەئاگاییەوە حزب رەفتاری لەگەڵ نەکات درز و کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵک و حزبدا دروست دەبێت ، کەلەوانەیە هەندێ بۆ هۆکاری دواکەوتویی خەڵکی بگێرنەوە یا گەل بە دواکەوتوو بزانن و خۆیان بە رۆشنبیر و هوشیار . لێرەوە جیاوازی و بۆچونی ناچونیەک لەسەر گەل و چەمکی دواکەوتنی گەل وەک چەند وتە و قسەو قسەڵۆکێک لەناو هەناوی شۆرشدا چەکەرەدەکات وەک ( گەل لەو ئاستەدا نەبوو شۆرش بکات ، یا گەل لەزمانی سیاسەت نازانێ و تەنها لەزمانی نان تێ دەگات ، یا گەل خەڵکێکی دواکەوتوی ناهوشیاری بێ توانایە .....) ئەو دەستەواژانە زۆر جار لە دەمی کەسانی بەناو هوشیار و بژاردەی حزبدا دەبیسترێ کە مەیلی بوغزاندنی خەڵک و بۆنی رق لێبوونەوەی خەڵکی لێ دێت .

ئەم جۆرە دەربرین و هەستە هاوتەریبە لەگەڵ ویست و ئامانجەکانی شۆرشی پێچەوانە چونکە شۆرشی پێچەوانە لەوە گەیشتوە کە ستراتیژی ئەو کاتێ دێتەدی کە گەل لە گرنگترین چەک دابماڵێ کەئەویش چەمکی ( گەلی هوشیار و بەتوانایە ).

سێ یەم / چەمکی واقیعی :

شۆرش لەسەرەتادا لەبارێکی کۆدەنگی و رێککەوتنێکی پێکەوەیدایە بەڵام پاراستنی ئەم کۆک بون و کۆدەنگیە کارێکی ئاسان نیە ، چونکە کۆدەنگی دۆخێکی هەمیشەیی نیە و ئەوەی ئەم جۆرە گردبونەوە و کۆکردنەوەی خەڵکی لێ کەوتۆتەوە کۆمەڵێ بارودۆخ و بابەتی جیاواز و فرە رەهەندن . کە ئەرک و کارێکی گرانە لە قۆناغی دوای شۆرش پارێزگاری لێکردن و هێشتنەوەی ، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دێتە سەر داواکاری و دنیابینی شۆرش بۆ ئایندە و پرسی ماهیەتی سیستەمی سیاسی کۆمەڵگەی دوای شۆرش .



پرسی رووبەروبونەوە و هەڵکردن لەگەڵ واقیعی دوای شۆڕش و چۆنیەتی مامەڵکردن لەگەڵ جێماوی رژێمی کۆن و ئاڵوگۆڕی و پێشهاتەکان پرس و ئەرکێکی گران و ئاڵۆزە ، پرسی پاککردنەوە و پرسی چاکسازی ، ئیدارە و سیستەمی نوێ هەمو ئەوانە بێ ئاستەنگ و درک و داڵ نین ، جگە لەوەش مەسەلەی شۆڕش کارکردن و پەیداکردنی ئەزمون و رۆیشتنی پلە بەپلەیە ، لەم پرۆسە ئاڵۆز و ئەزموونە سەرەتایەدا ئاساییە کە راو بۆچونی جیاواز و خوێندنەوەی جیاواز لەمەڕ ئەرک و کۆی کارەکانی داهاتوی شۆرشدا سەرهەڵبدات و ململانێ و ناکۆکی لێ دروست ببێ کە ئەمە بەشێکە لە ژیانی شۆرش و لێ جیانابێتەوە ، بەڵام لەم کاتەدا جەستەی شۆرش دەبێتە ناوەندێک یا مەیدانی دوو جۆر لەخەڵک و دوو جۆر لە ئاراستە ، ئەوانەی کە خوازیارن شۆرش باش بێت و خوێندنەوە و شارێی خۆی ون نەکات و سەرکەوێت و ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕێنێت ، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵێ خەڵکی تر هاتونەتە ناو شۆرش و دەیانەوێت بەشێوازێک لە شێوازەکان شۆرش دەستبەرداری ماهیەتی شۆرشگێرانە و پرۆژە تازەکەی لە گۆران و ئاڵوگۆری لەکۆی سیستەمی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کلتوری خۆی ببێت و واقیعی باو قبولێ بکات و بیگەڕێنەوە بۆ ناو دنیاکۆنەکەی رژێمی لادراو ، کە ئەمەی دووەمیان رێک بەرنامە و خواستی شۆرشی پێچەوانەیە و هەوڵ دەدەن کە لەژێر بیانووی واقیعدا سیماو دنیای سیستەمی کۆن بگێرنەوە .(٣)

ئەم سێ کوچکە فکریەی چەمکی ( سەرۆک ، گەلی دواکەوتو ، واقیعی ) کە کۆڵەکەی سەرەکی شۆرشی پێچەوانەن گرنگی گەورەیان گێراوە لە شێواندن و لە بەلاڕێدابردنی رەوتی شۆرشەکانی گەل و لادانیان لە شارێ و رێرەوی ئازادیخوازانە و سەرفرازانەی خەڵک .



# دەڤەری سلێمانی

## پارێزگای سلێمانی لە سەر ڕێگای ئاوریشم

ڕاستە ئەم دەڤەرە تەنها سنوری بە ئێرانەوەیە، کە گەمارۆی ئابوری لەسەرە، بەڵام ئەمە کۆتایی دنیا نیە و ئەم دەڤەرە چەندین سیناریۆی تری لەبەردەمدایە.

یەکێک لەوانە مامەڵەکردنە لەگەڵ چیندا. چین کڕیارێکی گەورەی نەوت و گازە؛ کۆمپانیاکانی لە ناوەڕاست و خواروی عێراق کاردەکەن و زۆر ئاسانە بۆیان بێنە پارێزگای سلێمانی. دەتوانرێت لە ڕێی حکومەتی عێراقەوە ڕێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت.

دەکرێت ڕێکەوتنەکە بەجۆرێک بێت، کە لە بری وەرگرتنی پارەی نەوت کە زۆر جار دەدزرێت و بەهەدەر دەدرێت، چەندین پرۆژەی ستراتیژی کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتیاری و بەنداو و ڕێگاوبان و ئاو و کارەبامان بۆ دروست بکەن.

چین ئەزمونێکی دەوڵەمەندی هەیە لەم بارەیەوە، لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، بایی نزیکەی ٣ ترلیۆن دۆلار (٣٠٠٠ ملیار دۆلار) وەبەرهێنانیان کردوە لە وڵاتانی ئاسیا، ئەوروپا، ئەفریقا، ئوستورالیا، و ئەمریکا. لە هەندێک وڵاتدا چین کە نەوت و گاز دەردەهێنێت، لە جیاتی پارە، پرۆژەی ستراتیژیان بۆ بنیاد دەنێت لە بوارەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتیاری، وزە و بەنداو، هاتوچۆ، هێڵی ئاسنین، خانوبەرە، و تەکنەلۆجیادا.

لەوەش گرنگتر، چین دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە هەستانەوەی ئەم دەڤەرەدا و پارێزگای سلێمانی بخاتە سەر ڕێگەی بازرگانی ئاوریشم و ئابوری ببوژێنێتەوە و هەزارەها هەلی کار دروستبکات.

ڕێگای ئاوریشم ڕێگایەکی بازرگانی کۆنە و لە ٢٠٠ ساڵ پێش زاینەوە هەبوە و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپای بەستبۆوە بەیەکەوە.

ئێستا چین دەیەوێت ئەم ڕێگایە زیندووبکاتەوە و چەندین ڕێگاوبانی پێشکەوتو و هێڵی شەمەندەفەری لەسەر دروستبکات؛ کە لە شەنگەهای و پەکینی پایتەختی چینەوە دەستپێدەکات و بە ئاسیای ناوەڕاست و هندستاندا تێپەڕدەبێت هەتا دەگاتە عێراق و سوریا و تورکیا و لەوێشەوە بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست و ئەوروپا.

پارێزگای سلێمانی دەکرێت ببێت بە یەکێک لە ناوەندە بازرگانیەکانی ڕێگای ئاوریشم بۆ بەستنەوەی چین و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەوروپاوە.

بە واتایەکی تر ئەم دەڤەرە بژاردەی زۆری لەبەردەمدایە و نە تەسلیمی ئیرادەی پارتی دەبێت و نە دەستەوەستان دەبێت لەبەرامبەر سزاکانیدا.

بەیار عومەر ( بەیاری ملازم عومەر)



# هەسارەی زەوی بەبێ مرۆڤ چی لێ دێت؟

لوقمان حەویز_ کۆمەڵەی گەردووناسی تێکساس

ئەم نوسینەم فانتازیایەکی زانستیە، مەبەستم لە نوسینی تیشک خستنە سەر گرنگی هەسارەکەمانە بۆ ژیان، هەروەها تیشک خستنە سەر ئەو کاریگەریانەشە کە تا ئێستا ئێمەی مرۆڤ دروستمان کردوە لەسەر ژینگە.

توشی سەرسورمان دەبین کاتێک بە وردی بیر لە هەندێک لەو گۆڕانکاریانە دەکەینەوە کە ئێمەی مرۆڤ بەسەر ژینگەی هەسارەی زەویماندا هێناوە تەنیا لە دوو سەدەی ڕابردودا، بە نەمانی کاریگەریەکانی مرۆڤ لەسەر ژینگەی گۆی زەوی وردە وردە ئەو گۆڕانکاریانەی لە دوو سەد ساڵی ڕابردو ڕوویان داوە کەم دەبنەوە و نامێنن، گۆی زەوی دەچێتەوە دۆخی پێشوتری، بەڵام هەندێک لەو کاریگەریانەی مرۆڤ دروستی کردووە ملیۆنەها ساڵی دەوێت بۆ ئەوەی بسڕدرێنەوە و نەمێنن....

گریمان ئەگەر مرۆڤ بەشێوەیەکی کتوپڕ لەسەر زەوی نەمێنێت، ئایا بە تێپەڕبوونی کات چی ڕوودەدات..؟ چی بەسەر ژینگەی هەسارەی زەوی دێت..؟

لە دوای چەند کاتژمێرێک تا چەند ڕۆژێک:

تەزووی کارەبا دەبردرێت لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی جیهان جگە لەو شوێنانەی وزەی نوێبووەوە بەکاردەهێنن وەکو تیشکی خۆر و وزەی با و بەنداوەکان، چونکە وێستگەکانی تری دروستکردنی کارەبا چی تر سوتەمەنیان بۆ ناچێت، لەبەر ئەوە هەموو ئامێرەکان دەوەستن و گڵۆپەکانیش دەکوژێنەوە، کارەبای بەنداوەکان و سەرچاوە نوێبووەکانی تریش تەنیا بۆ چەند مانگێک یان ئەوپەڕی چەند ساڵێک بەردەوام دەبن بەبێ مرۆڤ.

لە دوای دە ڕۆژ بۆ دوو هەفتە:

پەلەوەڕ و ئاژەڵە خۆماڵیەکان وەکو مریشک، مانگا، مەڕ، بەراز و ئەوانی تر لە کێڵگەکان کە ژمارەیان چەند ملیارێک دەبێت لەبەر برسیەتی و تینویی دەمرن، سەگ و پشیلەکانی ماڵەکانیش بەرەڵڵا دەبن و لەبەر برسیەتی ئەوانیش شەڕی مان و نەمان لەگەڵ یەکتر دەکەن.

دوای یەک مانگ:

سەدەها وێستگەی کارەبا کە بە وزەی ناوکی کاردەکەن دەتەقنەوە چونکە حەوزەکانی ساردکردنەوە تیایاندا ووشک دەبن و کرداری ساردکردنەوە تیایاندا دەوەستێت، ئەمەش سەدەها تەقینەوەی ناوکی وەکو هیرۆشیما و چێرنۆبێل دروست دەکات لەو شوێنانە..

دوای پێنج ساڵ:

وێستگەی ئاسمانی جیهانی و سەتەلایتە نزمەکان لە ئاسمان دەکەونە خوارەوە، ئەوانەی لە خولگە بەرزەکانن دوای ماوەیەکی زۆر زۆر زیاتر دەکەونە خوارەوە...

دوای بیست و پێنج ساڵ:

دار و درەخت و گیا زۆربەی شەقام و شۆستەی شارەکان دادەپۆشێت، هەوا و ئاو تا ڕادەیەکی زۆر پاک دەبێتەوە و مەودای بینین زیاتر دەبێت، زۆربوونی سەوزایی دەبێتە هۆی زۆربوونی ئاژەڵە کێویەکان، ئاژەڵە دڕندەکانی وەکو گورگ و ورچ دەچنە نێو شارەکان بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵەکانی تر، شارەکانی وەکو دوبەی و لاس ڤێگاس کە لە ناوچەی بیابانین بەتەواوی دادەپۆشرێن بە لم.







دوای 300 ساڵ:

زۆربەی باڵەخانە و تاوەرەکان دەست بە ڕووخان دەکەن چونکە شیش و ئاسنەکانی ناو کۆنکرێتەکان ژەنگ دەهێنن و هەرەس دەهێنن، زۆربەی بەنداوەکان و بەربەستە ئاوییەکانیش بەربەستەکانیان دەشکێت و ڕووبار و زەلکاوەکان وەکو پێشووتر پڕ ئاو دەبنەوە...

دوای 10 هەزار ساڵ:

تەنیا ئەو شوێن و باڵەخانانەی کە بە بەرد دروستکراون دەمێنن وەکو ئەهرامەکانی میسر و دیوارە گەورەکەی چین، نەخشەکەی سەر چیای ڕەشمۆر لە ویلایەتی داکۆتای ئەمەریکا کە دەم و چاوی پێنج سەرۆکی ئەمەریکای لەسەر نەخشێنراوە تا چەند سەد هەزار ساڵێک لەوانەیە بمێنێت...

دوای 15 ملیۆن ساڵ:

تاکە پاشماوەی شارستانیەتی مرۆڤ بریتی دەبێت لە هەندێک مادەی پلاستیک و شووشە، دوای 30 ملیۆن ساڵ ئەویش نامێنێت.

دوای 300 ملیۆن ساڵ:

ئەگەر تا ئەو کاتە بوونەوەرێکی تری زیرەک لەسەر زەوی دروست بووبێتەوە ئەوا مەگەر لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستی، دەنا هەست بە هیچ ئاسەوارێکی بوونی شارستانیەتێکی تر ناکەن کە لە پێش خۆیان هەبووبێت، ئەگەر ئەوان زانستەکانیان دانەهێنابێت ئەوا هەرگیز نازانن پێشتر بونەوەرێکی زیرەکی وەک مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە ژیاوە..!

بەکورتی زەوی بێ مرۆڤیش هەر دەمێنێت و هیچ پێویستیەکی بە مرۆڤ نیە، بەڵام مرۆڤ بەبێ زەوی لە ئێستادا لەم گەردوونە فراوانە بێ لانە دەبێت و نامێنێت.

# تورکیا فراوانترین ئۆپەراسیۆن لەدژی رۆژئاوای کوردستان ئەنجامدەدات

## ئا: ئاوێنە

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکی MGK، لەدوا کۆبونەوەیدا بەسەرۆکایەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان، بڕیاری دا سوپای تورکیا فراوانترین هێرش بکاتە سەر "کۆبانیو عەین عیساو مەنبجو تەل رەفعەت"، ئامانج لەم هێرشو لەشکرکێشییە دەرپەڕاندنی هێزەکانی هەسەدەو کوردە لەو ناوچانەو دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارامو پشتێنەیەکی ئەمنییە بەقوڵایی 30 کیلۆمەترو بەدرێژایی سنوری تورکیا لەگەڵ سوریاو گەڕاندنەوەی ملیۆنو نیوێك پەنابەری سوریو نیشتەجێ کردنیان لەو ناوچە کوردییانەدا، کە ئێستا لەتورکیا دەژین.

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکی کە هەر دو مانگێك جارێك کۆدەبێتەوە، لەبەیاننامەی دوا کۆبونەوەیدا دەڵێت "لەم هێرشو پەلامارەدا سەروەری وڵاتی دراوسێ ناکرێتە ئامانج، بەڵکو ئامانج دورخستنەوەی هەڕەشەکانی هەسەدەیە لەسنوری تورکیا".

ئەردۆغان چەند رۆژێك لەمەوبەر رایگەیاند بو کە سوپای تورکیا لەئامادەکاریدایە بۆ هێرشکردنە سەر کۆبانیو عەین عیساو تەل رەفعەتو مەنبج، بەمەبەستی تەواوکردنی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی لەساڵی 2016ەوە لە"باکوری سوریاو رۆژئاوای کوردستان" ئەنجامدراون، ئەم ئۆپەراسیۆنە نوێیە ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات بەناوچەکانی ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی ژێر دەستی سوپای تورکیا بەیەکەوە دەبەستێت.
سوپای تورکیا ئێستا سێ ناوچەی جودای باکوری سوریاو رۆژئاوای کوردستانی لەژێردەستدایە، ئەوەی دو ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکانی قەڵغانی فوراتو کانی ئاشتی لەیەك جیا دەکاتەوە: کۆبانیو تەل رەفعەتو عەین عیساو مەنبجن کە بەدەست هەسەدەوەن.

پێشتر سوپای تورکیا سێ ئۆپەراسیۆنی گەورەی لەدژی رۆژئاوای کوردستانو هێزەکانی پاراستنی گەلو سوریای دیموکرات - هەسەدە ئەنجامداوە، بەمەبەستی دەرپەڕاندنو دورخستنەوەیان لەسنوری تورکیا، ساڵی 2016 ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتو ساڵی 2018 ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتونو ساڵی 2019 ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی.


هاوکات لەگەڵ ئەم هەڕەشانەشدا گروپە چەکدارەکانی سەر بەتورکیا لەباکوری سوریا کە بە"سوپای نیشتمانی سوریا" ناودەبرێن، رایانگەیاندوە "چاوەڕوانی کاتژمێری سفرن بۆ ئەوەی شانبەشانی سوپای تورکیا هێرش بکەنە سەر هێزەکانی سوریای دیموکرات - هەسەدە".

ئامانجی تورکیا لەم ئۆپەراسیۆنە نوێیە. دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامو پشتێنەیەکی ئەمنیو پشتێنەیەکی دانیشتوانە لەسورییەکانی هەواداری ئەنقەرە بەقوڵایی 30 کیلۆمەتر لەباکوری سوریادا، تاوەکو هێزەکانی کورد بەتەواوی لەسنورەکانی دور بخاتەوەو لەدورمەودادا زیاتر لە 3 ملیۆنی سوری لەناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوای کوردستان نیشتەجێ بکات کە ئێستا وەك پەنابەر لەتورکیادا دەژین، وا بڕیاریشە ئەم سورییانە یەکەی نیشتەجێ بونیشیان بەپشتیوانی تورکیو کوەیتیو قەتەری بۆ دروست بکرێت لەو ناوچانەدا.

پێشتر ئەمەریکاو روسیا رۆڵیان هەبو لەناوبژیوانی کردنی تورکیاو هێزەکانی هەسەدە بۆ ئەوەی لەچەند ناوچەیەکی باکوری سوریادا شەڕڤانانی کورد 30 کیلۆمەتر لەسنوری تورکیا بکشێنەوەو سوپای تورکیای تیا جێگیر بێت.
ئێستا تورکیا سەدان کیلۆمەتری باکوری سوریای داگیر کردووە بەقوڵایی 30 کیلۆمەتر لەچەندین ناوچەوە لەناو خاکی ئەو وڵاتەدایە.
تورکیا سێ ناوچەی باکوری سوریای لەژێردەستدایەو 8000 بۆ 10000 سەربازی لەو ناوچانەدا جێگیر کردوە.


سنوری نێوان تورکیاو سوریا کە 910 کیلۆمەترە، بەشێکی لەبندەستی هەسەدەیەو زۆربەشی لەلایەن تورکیاو هێزە هاوپەیمانەکانی دژ بەرژێمی سوریا، داگیر کراوە.

حکومەتی سوریا ئەم جموجۆڵو پرۆژەیەی تورکیا بەفراوانخوازیو "تاوانی جەنگ" ناودەبات. بەڵام حکومەتی سوریا توانای رێگرتنو روبەڕوبونەوەی ئەم پرۆژەیەی نییە، کە بەچەند قۆناغێك ناوچە کوردییەکان نەك هەر تەعریب، بەڵکو تەتریکیش دەکرێن لەسایەی سوپای تورکیاو میلیشیاکانی سەر بەئەنقەرەدا.



هاوکات سەرقاڵی روسیاش بەجەنگی ئۆکرانیاوە، وایکردوە تورکیا پەلە بکات لەجێبەجێکردنی پرۆژەکانی لەباکوری سوریادا، روسیا خەریکی گواستنەوەی هێزەکانیەتی لەسوریاوە بەرەو بەرەکانی جەنگی ئۆکرانیاو تورکیاش ئەم هەلەی قۆستوەتەوە، بەتایبەتی کە بنکە سەربازییەکانی لەکۆبانیو مەنبجو تەل رەفعەت چۆڵ دەکات.
پێشتر هێزەکانی روسیا رۆڵی گەورەیان هەبو لەراگرتنی شەڕ لەباکوری سوریاو بەهاوبەشی لەگەڵ تورکیا چاودێری ئەو ناوچە سنوریانەیان دەکرد. لەم کاتەدا کە روسیا بەجەنگی ئۆکرانیاوە گیرۆدەیە، بەرامبەر بەم جموجۆڵەی تورکیا بێدەنگە، چونکە پێویستی بەهەڵوێستی تورکیایە بۆ دژایەتی کردنی سویدو فنلەندا بۆ بون بەئەندامی ناتۆو مانەوەی تورکیا بەبێلایەنی لەجەنگی ئۆکرانیاو لەئەستۆگرتنی رۆڵی ناوبژیوانی، کە جێی رەزامەندی روسیایە.

تورکیا ئەم ساتەوەختە بەباشترین دەرفەت دەزانێت بۆ گوشار خستنە سەر هاوکارەکانیشی لەپەیمانی ناتۆو خوازیارە رۆژئاوا دەمکوت بکات لەبەرامبەر هێرشکردنە سەر رۆژئاوای کوردستانو فراوانکردنی هەژمونی خۆی لەباکوری سوریادا، لەبەرامبەر دەستهەڵگرتنی لەنارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەهاتنە ناوەوەی سویدو فنلەندا بۆ نێو پەیمانی ناتۆو دەیەوێ ئەمەریکاو وڵاتانی رۆژئاوا سازشی لەگەڵ بکەنو لەبەرامبەر هێرشکردنە سەر رۆژئاوای کوردستاندا بێدەنگ بن.



هەرچەندە تورکیا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە پەکەکە لەباکورو باشوری کوردستانو هەپەگە لەرۆژئاوای کوردستان یەك ڕێکخراونو تەواوکەری یەکترن، تورکیا هەردوکیان بە"ڕێکخراوی تیرۆریستی" ناودەبات، بەڵام هاوپەیمانەکانی لەپەیمانی ناتۆ لەپێشیانەوە ئەمەریکا پەکەکە بە"ڕێکخراوێکی تیرۆریستی" دەناسێنن، نەك هەسەدەو یەکینەکانی پاراستنی گەل لەرۆژئاوای کوردستان.
ئامانجێکی دیکەی ئەردۆغان لەم هێرشو پەلامارە بەدەستهێنانی پشتیوانی دەنگی نەتەوەپەرستانی تورکە لەهەڵبژاردنی ئایندەدا کە ساڵی داهاتو ئەنجام دەدرێتو بەپێی هەمو ئاماژەکان هەڵبژاردنێکی سەخت دەبێت بۆ ئەردۆغان.

لەساڵانی پێشوترو لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەردۆغان چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجامداوە بۆ سەر کورد بەمەبەستی ڕاکێشانی دەنگی تورکە توندڕەوەکان بەلای خۆیدا.


سەرباری ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بونێکی چڕیان نییە لەکۆبانیو تەل ڕەفعەتو عەین عیساو مەنبەج کە تورکیا بەنیازە پەلاماریان بدات، بەڵام واشنتۆن بەنیگەرانییەوە لەم ئامادەکارییەی تورکیا بۆ سەر باکوری سوریا دەڕوانێت
وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هۆشداری داوەتە تورکیا کە هەر هێرشێکی نوێی سەربازیی بۆ سەر باکوری سوریاو رۆژئاوای کوردستان، نائارامیو پشێویی بەدوای خۆیدا دەهێنێتو گیانی سەربازانی ئەمەریکی لەو ناوچەیە دەخاتە مەترسییەوە.

هێزەکانی سوریای دیموکرات - هەسەدەش، لەبەیاننامەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات هەر جموجۆڵێکی سەربازیو داگیرکارییەکی نوێی تورکیا لەو ناوچەیەدا نائارامیو ئاژاوەی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێتو دەبێتە هۆی چالاککردنەوەی پاشماوەکانی داعش.

یەکێك لەو ناوچانەی کە تورکیا دەیەوێت لەم ئۆپراسیۆنەدا لەڕێگەی هێرشی ئاسمانیو زەمینییەوە بیکاتە ئامانج، کۆبانی-یە، کە پێشبینی دەکرێت کاردانەوەی کوردی لەئاستێکی بەربلاودا لێبکەوێتەوە، لەبەرئەوەی کۆبانی ڕەمزی خۆڕاگریو بەرگریو کۆڵنەدانو سەرکەوتنی کوردە بەسەر جەنگاوەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراقو شام - داعشو تیرۆردا.


لەساڵی 2014و 2015 داعش لەوپەڕی پێشڕەویدا بو، خۆڕاگریو بەرگری ئەفسانەیی کچو کورشە ئازاو جوامێرەکانی کۆبانی سنورێکیان بۆ پێشڕەوییەکانی داعش داناو سەرەتای تێکشکاندنی داعش لەوێوە دەستیپێکرد.

پێدەچێت سوپای تورکیا بیەوێت لەم ئۆپەراسیۆنەدا تۆڵەی خۆڕاگری کوردو تێکشکاندنی داعش لەکۆبانی بکاتەوە.






# بۆ یادی ١-٦ چەپکە گوڵی ڕێزو وەفا بۆ سەر گڵکۆی شەهیدان


هەڤاڵ مام جەلال و سەرکەوت جیهاز


مانگی 12 ی 1988 کاک نەوشیروان و سەرکەوت جیهاز و نەوزاد نوری بەگ- قاسمەرەش
PIC•COLLAGE



سەری ڕێزو نەوازش دائەنەوێنم بۆ گیانی پاکیان،بۆ کەس و کارەکانیان،سڵاو و ڕێزم بۆ هاوڕێ پێشمەرگەکانم، شە هیدە زیندووە کان،لەم یادەدا بیرەوەریەکم لە گەڵ مام جەلال پێشکەش ئەکەم .

کارئەکتەرە سەرەکیەکانی هەر شۆڕشێک لەگەڵ ناوبانگیانا هەموو جوڵەیەکیان دەبێتە مێژو و وە دەبێتە هۆیەک بۆ باسێکی مێژوویی ، بەڕێز مام جەلال و کاک نەوشیروان لە دوای کەوتنی شۆڕشی ئەیلول ناودارترین کارئەکتەرە بەهێزەکانی شۆڕشی نوێن، تا لە ژیاندا مابون کارئەکتەرێکی بەهێزی ناو گۆڕەپانی سیاسی بوون ، لەم ڕوانگەشەوە بیرەوەری لەگەڵ ئەم کارئەکتەرە دەبێتە جێ ی بایەخ ، ئالێرەوە بۆ یادی ١-٦ دامەزراندنی ی ن ک ، یەکێتی ڕوبارێک خوێنی لە مێژووەوە هەڵکردوە ئەم خوێنە بۆ ئێمە سمبولە ، هەر ئەم ڕوبارە سەرچاوەکەی هەزاران کانی یە و هەر کانیەک لە خانەوادەیەوە هەڵدەقوڵی ، ئەم خانەوادانە بەردەوام خوێنیان کردوە سەر چاوەی کانیەکەیماڵیان و هەمو کانیەکانیش دەبنە یەک ڕوبار و دەچنەوە سەر ڕەچەڵەکی یەکێتی نیشتمانی و هەمو ئەو کەسانەش کە پێشمەرگە بون و ماون پارێزەری ئەم کانیانەن خانەوادەی شەهید و پێشمەرگە دەبنە سمبول .

پێم خۆشە لەم یادەدا بیرەوەریەکی خۆم لە گەڵ بەڕێز مام جەلال بکەم بە دیاری، سەرەڕای کۆمەڵێک سەرنجم لە سەرئەم یەکێتی یەی ئێستا ، ئەو یەکێتی یەی کە بەڕێزان مام جەلال و کاک نەوشیروان دروستیان کرد کە جێگەی متمانەی گەل و نیشتمان بوو ئەو یەکێتی یەی کە ناوی حزبی شەهیدانی بە باڵایا بڕا، هەتا ڕاپەڕین ژمارەی شەهیدەکانی دوو ئەوەندەی زیندووەکانی بوو.


بە سیفەتێک کە عەدەد جیهازی مام بووم لە گەڵ هاوکارەکانم هەر جارە و یەکێکمان سەفەرمان ئەکرد لە گەڵی بە تایبەتی دوای ئەنفالەکان کە لە قاسمە ڕەش جێگیر بووین ئەوەی لە نزیکەوە لە گەڵ مام هەڵسوکەوتی نەکردبێ تێ ناگات لە سادەیی و ڕێزی و خۆشەویستی و قسە خۆشەکانی،لە سەفەرێکمدا بۆ تاران کە ماڵێکی هەبوو لەوێ،ئێمە کۆمەڵێک پێشمەرگەی سکرتاریەت بووین لە گەڵی بە سیفەتێک من عەدەد جیهاز بووم ئەرکی جیهازو وەڵام دانەوەی تەلەفونم هەبوو لە هەمان هۆڵی دانیشتن بووم مام خۆی کرد بە هۆڵەکەدا منیش لە سەر کورسی یەک دانیشتبووم یەکسەر هەڵسام وەک ڕێزێک بەڵام مام زۆر لێم توڕە بوو ووتی سەرکەوت یەک جاری تر کە هاتمە ژورەوە هەڵسیت لە بەرم ئەژنۆت ئەشکێنم تۆ کوڕی ئەم ماڵەیت من ڕۆژی دە جار خۆم ئەکەم بەم هۆڵەدا ناکرێت هەموو جارێک هەڵبستیت منیش ووتم بەڵێ مامە وا ئەکەم ، بۆ ئەوەی توڕەبونەکە بسڕێتەوە ووتی نانت خواردووە ووتم نەخێر ووتی لێرە دانیشە من ئێستا خۆم نانت بۆ تێ ئەکەم ،سەرم سوڕما لە سادەیی و ڕێزو گەورەیی،ڕۆحت شاد مامی کوردان،بە داخەوە ئەوەی ئێوە بنیاتتان نا زۆرێک لە هاوڕێکانتان تێکیان دا.

**تێبینی**

**ئەم بابەتە بۆ یادی یەکێتی لە ساڵی ٢٠١٩ نوسیومە.**

**سەرکەوتی جیهاز**


مانگی تەموزی 1990 پۆلیک پێشمەرگە دابەزین بۆ پیرەمەگرون


مەفرەزەی پیرەمەگرون/ پارتیزان سەرکەوت جیهاز و چوار پێشمەرگەی تر تەموزی1990
شەهید بەکر ئیسۆیی سێهەم کەس؛ چوارەم کەس کاک عەلی

# چوار هۆکار و دوو سیناریۆ

## بۆچی تورکیا نەیاری ئەوەیە فینلەندا و سوید بچنە ناو ناتۆ

"زەمەن"

بەپێچەوانەی کۆدەنگی بەرفراوانی رۆژئاوا لە پەسەندکردنی داواکارییەکەی فینلەندا و هەوڵەکانی سوید بۆ پەیوەستبوون بە ناتۆ، وەڵامی تورکیا تەواو جیاواز بوو، بەرهەڵستی خۆی ڕاگەیاند، کە شرۆڤەکاران هۆکارەکەیان بۆ چەند هۆکارێک گەڕاندەوە، دیارترینیان ترس لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی یۆنان هەروەها بەکارهێنانی قەیرانەکە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت.

دوای ئەوەی هەردوو وڵات نیازی خۆیان بۆ چوونە ناو هاوپەیمانێتییەکە ڕاگەیاند، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا وتی: ئێمە چاودێری پێشهاتەکانی پەیوەست بە سوید و فینلەندا دەکەین، بەڵام بۆچوونەکانمان ئەرێنی نین... ناتۆ لە ڕابردوودا بە قبوڵکردنی یۆنان هەڵەیەکی کرد ... نامانەوێت هەڵەی هاوشێوە دووبارە ببێتەوە، چونکە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا خانەخوێی "ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانن".

پەیوەندی نێوان سوید و تورکیا لە ساڵی رابردووەوە گرژ بووە، کاتێک باڵیۆزی سوید لە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بانگهێشتکرا بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە بەشداریکردنی وەزیری بەرگری وڵاتەکەی، پیتەر هۆڵتقکیست، لە ڤیدیۆ کۆنفرانسێکدا لەگەڵ "هێزەکانی سوریای دیموکرات"، تورکیا رەخنەی لە ئانا لیند، وەزیری دەرەوەی سوید گرت دوای ئەوەی رایگەیاند لەگەڵ وەفدێکی کوردانی سوریا کۆبونەتەوە.

سوربونی فینلەندا بۆ چونە ناو ناتۆ، کە پێنجشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند، هەروەها داواکاری چاوەڕوانکراوی سوید، دەبێتە هۆی فراوانبوونی هاوپەیمانییەکە، کە ڤلادیمیر پوتین سەرۆکی ڕوسیا، بە ئامانجی ڕێگری لە پاوانخوازییەکەی هێرشیکردە سەر ئۆکرانیا.

چوار هۆکار و دوو سیناریۆ

کەرەم سەعید، پسپۆڕی کاروباری تورکیا لە سەنتەری ئەهرام بۆ لێکۆڵینەوە سیاسی و ستراتیژییەکان، لە لێدوانێکدا وتی، "بەپێی میساقی ناتۆ، هەموو وڵاتێکی ئەندامی مافی ڤیتۆی هەیە لە حاڵەتی پەیوەستبوونی وڵاتێکی دیکە، هەربۆیە ئەنقەرەش مافی ڤیتۆی هەیە". لە حاڵێکی وادا تورکیا ڤیتۆ بەکاربهێنێت فینلەند و سوید، ناتوانن بچنە ناو ناتۆوە.
ئەو پێیوایە چوار هۆکار لە پشت ئەم ناڕەزاییەی تورکیاوە هەن و ئەگەری دوو سیناریۆش هەیە.

ڕوونیکردەوە، هۆکاری یەکەم هاوپەیمانی نێوان ڕوسیاو تورکیایە ئەوەش دەستی تورکیای گرتووە بۆ ئەوەی وەرگرتنی سوید و فینلەندا قبوڵ بکات، چونکە ڕوسیا پێیوایە وەرگرتنی ئەو دوو وڵاتە دەبێتە هۆی نائارامی سنورەکانی.

سەبارەت بە هۆکاری دووەم، ئەو شارەزایە دەڵێت هۆکاری دووەم تێکەڵبوونی حساباتەکانە، ئەگەر ئەو دوو وڵاتە بچنە ناو ناتۆوە دەبێتە هۆی تێکەڵاوبوونی حسابات و بەرژەوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا بە تایبەت لە ناوچەکانی قەوقاز و رۆژهەڵاتی ئەوروپا. فینلەندا و سوید بەرواڵەت سیاسەتی بێلایەنیان گرتۆتەبەر، بەڵام هەمیشە ڕەخنەیان لە ئەنقەرە گرتووە، بە تایبەت لە پرسی مافی مرۆڤ، کە دواییینیان لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ بوو، و قەیرانی دەرکردنی دە باڵیۆزەکەی لێکەوتەوە دوای ئیدانەکردنی سزای زیندانیکردنی چالاکوانی تورک عوسمان کاڤالا.

تورکیا ترسی ئەوەی هەیە کە لەناو ناتۆدا دوو وڵاتی دژبەرە زیادبێت و بە هەمانشێوەی یۆنان کار بکەن بۆ دروستکردنی یەک دەنگی ناو هاوپەیمانێتییەکە دژی بەرژەوەندییەکانی تورکیا.




هۆکاری سێیەم هەڵوێستی دژایەتی ئەو دوو وڵاتەیە، بەتایبەتی لە "پاراستنی نەیارەکانی" تورکیادا، کە ئەردۆغان ڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوەدا کە بوونەتە میوانخانەی "ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان"، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ میوانداریکردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات و لایەنگرانی ڕێکخراوی گولەن کە ئەنقەرە بە ڕێکخراوی تیرۆریستی پۆلێنی کردوون.

هۆکاری چوارەم دەگەڕێتەوە بۆ "بەکارهێنانی قەیرانەکە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت و یەکلاکردنەوەی کێشە ئاڵۆزەکان"، چونکە ئەنقەرە فشار دەکاتە سەر هەردوو وڵات و رۆژئاوا و ئەو وڵاتانەی دوژمنایەتی بەرژەوەندییەکانی تورکیان بۆ ناچارکردنیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، وەك بەدەست هێنانی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا، چارەسەرکردنی قەیرانی سیستەمی مووشەکی ئێس-٤٠٠ی ڕوسیا لەگەڵ ئەمریکا هەروەها پرسی فرۆکە جەنگییەکانی ئێف-١٦ و ئێف-٣٥ی ئەمریکی، لەنێو ئەوانی دیکەدا.

دوو سیناریۆکە

بە توێژەرەکەی سەنتەری ئەهرام، دوو سیناریۆ لە ئارادان، یەکەمیان ئەوەیە کە لە ماوەی داهاتوودا بەرهەڵستی تورکیا بەردەوام دەبێت و زیاد دەکات.

سیناریۆی دووەمیش ئەوەیە پاشەکشە لە هەڵوێستەکانی دەکات، لەبەرامبەردا گەرەنتی ئەوەی پێدەدرێت کە بەرژەوەندییەکانی دەپارێزرێن کە ئەمەیان ئەگەری ڕوودانی هەیە، بە حکومی ئەوەی نایەوێت لەناو ناتۆ وابناسرێت کە وڵاتێکی پشتیوانی ڕوسیا دەکات.

ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) هاوپەیمانییەکی سەربازی بەرگریکارە لە ساڵی ١٩٤٩ لەلایەن ١٢ وڵاتەوە پێکهێنراوە، لەوانە: ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی فراوانبوونی سۆڤیەت لە ئەوروپا دوای جەنگ، و بەدرێژایی دەیان ساڵ لەو کاتەوە هاوپەیمانییەکە گەشەی کردووە و ئێستا٣٠ ئەندامی هەیە.

سەرچاوە: سکای نیوز

# جگەرەی لوتفی (سکائر لطفی )

ئەم مێژووە بۆ یەکەم جارە بڵاو دەبێتەوە
عبداللە لوتفی ئەو کوردەی کەخەڵکی سلێمانی بوو خاوەنی چەندین کارگەی جگەرە بوو لەعێراق لەسەردەمی حوکمی مەلیکی وە بەکەسێکی خێر مەند و بەخشندە ناسرا بوو
لەسلێمانیش مزگەوتێکی ناسراو گەورە هەیە لەگەڕەکی چوارباخ کەئەم دروستی کردووە ناوی مزگەوتی (عەبدوڵا لوتفی یە ) لە لافاوی ١٩٥٧ کەخەڵکی سلێمانی لێی دەقەومێت ئەم و ڕەفیق حلمی لەشاری بەغداد کەمپین دەکەن. و وەبڕی پەنجا هەزار دینار کۆدەکەنەوە بۆ خەڵکی سلێمانی لەکاتێکدا حکومەتی مەلیکی بڕی بیست هەزار دینار تەرخان دەکات بۆ لێقەومان
ئەم باسەش لەڕۆژنامەی ژین تۆمار کراوە لەژمارە 1377 لەڕۆژی 5/1/1958
کەلەو ساڵەدا ئەحمەد زرنگی خوشکەزای پیرەمێرد رۆژنامەی ژین بەڕێوە دەبات دوای مردنی پیرەمێرد لەساڵی ١٩٥٠
عەبدوڵا لوتفی کارگەی جگەرەی لوتفی لە عێراق دائەمەزرێنێت وە دواتر ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ کارگەی الترکیە و جگەرەی غازی و لۆکس بەرهەم دەهێنێت
وە بازاڕی چاندنی توتن لە سلێمانی و کوردستان دروست دەکات خەڵکێکی زۆر سود مەند دەبن لەم کارگانە چونکە دابین کردنی مەوادی جگەرەکە کە توتنە لەناوچەکانی پشدەر و شارەزور و شارباژێر و گەرمەسێر و دەشتی هەولێر دەبێت
لەدوای کودەتای کۆماریەکان بەسەر حوکمی مەلیکی حکومەتی کۆماری بڕیار دەدات کارگەی لێ بسێنن وە خۆماڵی بکەن کارگەی جگەرە بکرێت بە موڵکی میری لەساڵی 1962
ڕۆحی شاد بێت
وێنەکەی خانەوادەی علی ئاغا و خوشك و براکانی ساڵی ١٩٢٥ لەشاری بەغدا تۆمار کراوە

نوسین و زانیاری : ئامانجی مامۆستا عمر
چاووگی وێنە : دوکتۆر سامان ڕەشید جەودەت..




# قەڵای کەرکوک

باوەڕ وایە ئەو گردە لەلایەن (پاشا ئاشور ناسرِ پاڵی دووەم) لەنێوان ٨٨٤ بۆ ٨٥٤ دروستکرا وەکو هێڵێکی بەرگری سەربازی. مێژوونووسەکانی دیکە باوەڕیان وایە ٤٠٠٠ هەزار ساڵ لەمەوپێش لەلایەن گوتییەکانەوە دروستکراوە، ئەکەدییەکان و ئاشوورییەکان پێیان دەگوت قەڵای شیلواسیس چونکە فەرمانڕەوای حوورییەکان پاشا شیلوا تێشوب بوو.

وەرگیراوە لە کوردپیدیا



YADNAMEیادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبیەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەرە کوردیەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703